کەبات

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5984) یەکشەممە 10ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



بەرەو 74 مین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

١٦ی ئابی ١٩٤٦ - ١٦ی ئابی ٢٠٢٠

بۆ ئەنجامدانی کۆنگرە پارتی چاوەڕێیە دۆخی تەندروستیی هەرێم باشتر بێت



پارتی ئەو حزبەی هەمیشە پێشەنگ و پێشڕەوە

9


راوێژکاری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت، هۆکاری دواکەوتنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ نەخۆشیی کۆرۆنا دەگەڕێتەوە، بەڵام ئامادەکاری کراوە و بڕیارە ئەمساڵ کۆنگرە ئەنجام بدرێت. بەرپرسی لقی 16ی پارتیش دەڵێت، هیچ بڕیارێك بۆ دواخستنی کۆنگرە نەدراوە.

(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)

لە سەد ساڵەی پەیماننامەی (سیڤەر 1920 - 2020)

سەربەخۆیی کوردستان

فاکتەری چەسپاندنی ئارامییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



8

ڕێبوار تاڵەبانی:

پێویستە خەڵکی کەرکووک ڕاپەڕین بکات

هێزەکانی عێراق لە ڕێگەی هێزێکەوە هەڵیانکوتایە سەر کوردەکانی گوندەکانی سنووری داقووق و لە ئەنجامیشدا شەڕ لە نێوان هاووڵاتیانی کورد و هێزە عێراقییەکان ڕوویدا. لەمبارەیەوە ڕێبوار تاڵەبانی گوتی: بارودۆخی شاری کەرکووك زۆر خراپە، بە تایبەتیش لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هەموو کارێکی شاری کەرکووك نایاسایی و نادەستوورییە لە ١٧ی ئۆکتۆبەریش ئاماژەم پێداوە کە بارودۆخی شارەکە نە ئاساییە، نە دەستوورییە، نە یاساییشە.



(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)

سبەی شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

بەرەوپێشچوونی باش لە گفتوگۆکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم هاتووەتە ئاراوە

بارەی ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دانوستان و ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەسەر بووجە، مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم سەردانی بەغدا بکات. بەپێی زانیارییەکانیش، شاندی حکوومەتی هەرێم هەمان ئەو شانده دەبێت کە لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێکی دیکە سەردانی بەغدایان کرد. سەرچاوەیەکیش بە ئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاندووە، بەرەوپێشچوونی باش لە گفتوگۆکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم هاتووەتە ئاراوە و چاوەڕوان دەکرێت لەم سەردانەدا بگەن بە ڕێککەوتنی کۆتایی لەبارەی پرسە داراییەکانی نێوانیان.

(زیاتر لە ل٣ بخوێنەوە)



ئەحمەد داود ئۆغلو: بەهەموو شێوەیەک لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی کوردین

ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەرەك وەزیرانی پێشووی تورکیا لە کۆنفرانسێکدا لە شاری نامەدی باکووری کوردستان تێڕوانینی حزبە تازەکەی (ئایندە) سەبارەت بەکورد و کردەوە سەربازییەکانی تورکیا لە دەرەوەی وڵات خستەڕوو.

(زیاتر لە ل٣ بخوێنەوە)



مشتومڕ سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی لە تەقینەوەکەی بەیروت بەردەوامە

سەرۆکوەزیرانی لوبنان: کارەساتەکەی بەندەری بەیروت لە ئەنجامی گەندەڵی و خراپ ئیدارەدانی چەند ساڵە بوو

4

بەشیر حەداد:

تەعریب جارێکی دیکە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکردۆتەوە



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، لەبەر ئەوەی حکوومەتی عێراق وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی دیاری کردووە، پرۆسەی تەعریب جارێکی دیکە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێژەی عەرەب زیاتر بێت و، ئەگەر ئەو کێشەیەش چارەسەر نەکرێت، کاریگەری لەسەر دەنگی کورد لەو ناوچانە دەبێت.


(زیاتر لە ل٣ بخوێنەوە)



بەدواداچوونێکی مەیدانی لاپەڕەی پەروەردە لەگەڵ قوتابیان لەبارەی تاقیکردنەوەکان

کێشەکانی قوتابیان لە تاقیکردنەوەکانی وەزارەی سەردەمی کۆرۆنا چی بوون؟

11



دانیشتووانی هەولێر ڕۆژانە 100 کیلۆ زێڕ دەفرۆشنەوە

7



بۆ ئەنجامدانی کۆنگرە
پارتی چاوەڕێیە دۆخی تەندروستیی هەرێم باشتر بێت

ئاژانسی پاراستن ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوە:

ئەو سیناریۆیە لە لایەن کەسانێک بۆ ناشرین کردنی ناوی ئاژانسی پاراستن جێبەجێ کراوە

ئاژانسی پاراستن ڕوونکردنەوەیەکی بڵاو کردەوە و تۆمەتبارکردنی دەزگاکەی لە لایەن کەسێکەوە لە ڕێگەی میدیای فەرمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕەتکردەوە. بە گوێرەی ڕوونکردنەوەیەکی ئاژانسی پاراستن کە دوێنێ یەکشەممە بڵاوکرایەوە، ئاماژە بەوە دراوە: «ئەو سیناریۆیە لە لایەن کەسانێك بۆ ناشرینکردنی ناوی ئاژانسی پاراستن جێبەجێ کراوە و ئەو کەسەیان بۆ مەرامەکانیان کردووەتە قوربانی». ئاژانسەکە بە پێویستیشی زانیوە، لێکۆلینەوەیەکی بێلایەنی دوور لە دەستێوەردان لەم ڕووداوە بکرێت و ڕاستییەکان بۆ ڕای گشتی ڕوون بکرێنەوە.

ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

ڕوونکردنەوەیەك لە ئاژانسی پاراستنەوە

ئەمڕۆ لە میدیای فەرمیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڵاوکرایەوە کە گوایە کەسێك بە ناوی دانا مەنمی، ئاژانسی پاراستن بەوە تۆمەتبار دەکات کە لە ناو شاری سلێمانی لێیان داوە. ئێمە لە کاتێکدا ئەو جۆرە ڕەفتارانە ئیدانە دەکەین، ڕایدەگەیەنین کە دوور و نزیك ئەم ڕووداوە پەیوەندیی بە ئاژانسی پاراستنەوە نییە و ئەو سیناریۆیە لە لایەن کەسانێك بۆ ناشرین کردنی ناوی ئاژانسی پاراستن جێبەجێ کراوە و ئەو کەسەیان بۆ مەرامەکانیان کردووەتە قوربانی. پێویستە لێکۆلینەوەیەکی بێلایەنی دوور لە دەستێوەردان لەم ڕووداوە بکرێت و ڕاستییەکان بۆ ڕای گشتی ڕوون بکرێنەوە.

ئاژانسی پاراستن
٩-٨-٢٠٢٠

چاودێرێکی سیاسی: ئەوانەی قەرزاری حکوومەت و مووچەخۆری بندیوارن دەیانەوێ لە پەنای خۆپیشاندان خۆیان داپۆشن

چاودێرێکی سیاسی پێی وایە هاندانی خەڵک بۆ خۆپیشاندان لەلایەن هەندێ کەس و لایەنەوە بۆ داپۆشینی گەندەڵی و پۆخڵاوەتی خۆیانە، هەرکاتێکیش لیستی نوێی مووچە لەلایەن حکوومەتەوە بڵاوبکرێتەوە هەر ئەو لایەن و کەسانە دەیانەوێت خۆیان بکەنە پاڵەوانی شاشەکان و سۆشیال میدیا، کە ئەوە بە فشاری ئەوان بووە.

ئاراس عەبدوڵا، چاودێری سیاسی بۆ (باسنیوز) ڕایگەیاند، دابەشکردنی مووچە ئەرکی حکوومەتە دابینی بکات و مافی موچە خۆزانیشە داوای موچەی خۆیان بکەن لەکات و ساتی خۆیدا، بۆیە پێویستە حکوومەت ڕێگا چارەی خێرا بدۆزێتەوە بۆ دابینکردنی مووچە، چونکە هاوواڵتیانی کوردستان بەرگەی زۆری قەیرانەکان و کێشە یەک لە دوای یەکەکانیان گرتووە و پشتگیری حکوومەتیان کردووە لە هەموو بارودۆخێدا، گوتیشی "ئەوەی جێگای سەرنجە هەرکاتێک حکومەت لیستی نوێی مووچە بڵاو دەکاتەوە هەندێ لایەن و کەس دەیانەوێت خۆیان بکەنە پاڵەوانی شاشەکان و سۆشیال میدیا بە بانگەشەکردن بۆ خۆپیشاندان یان هەڵمەتی ڕاگەیاندن دژی حکوومەت تەنیا بۆ ئەوەی بڵێن بە هۆی پاڵە پەستۆی ئەوان بووە مووچە دابەش کراوە".

ئاراس عەبدوڵا، ئەوەشی خستە ڕوو کە جێگای ئامادە پێدانە ئەو کەس و لایەنانە خۆیان بە شێکن لە گرفتەکان و ڕێگر بوونە لە خێرا ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازی و هەموو کات هەوڵی ئەوەیان داوە ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو نەبێت، چونکە بە شێکیان قەرزاری حکوومەتن و بەشێکی تریان مووچەخۆری بندیوار و خانەنشینی پلە باڵایان هەیە.



ڕێبوار تاڵەبانی:

پێویستە خەڵکی کەرکووک ڕاپەڕین بکات

بارودۆخی کەرکووک نە ئاساییە، نە دەستوورییە، نە یاساییشە

خەبات/ تریفە ئازاد

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە سنووری داقووق هێزەکانی عێراق لە ڕێگەی هێزێکەوە هەڵیانکوتایە سەر کوردەکانی گوندەکانی سنوری داقووق و لە ئەنجامیشدا شەڕ لە نێوان هاووڵاتیانی کورد و هێزە عێراقییەکان ڕوویدا. ڕێبوار تاڵەبانی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بارودۆخی شاری کەرکووك زۆر خراپە، بە تایبەتیش لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هەموو کارێکی شاری کەرکووك نایاسایی و نادەستوورییە لە ١٧ی ئۆکتۆبەریش ئاماژەم پێداوە کە بارودۆخی شارەکە نە ئاساییە، نە دەستوورییە، نە یاساییشە. عێراق ئێستا ئەوەی پێوەی مابێتەوە دەستوورە کە دەستووریش پێشێڵ بکات کەواتە پێچەوانەکەی ڕاپەڕینێکە بۆ هێنانەوەی دەستوور بۆ شارەکە.

تاڵەبانی ڕاشیگەیاند: لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بینمان چی بەسەر هەندێك خەڵکی سنووری داقووقدا هات و ویستیان زەویەکانیان داگیربکەن، کەچی کەسیان دەنگیان لێوە نەهات بە پێشێل کردنی مافەکانی کورد لەم ناوچانە لە ڕووی یاسایی و دەستووری کە سەرۆك کۆمار پارێزەری دەستوورە بەڵام ئەویش بێدەنگ بوو .پێویستە لەمەودوا عێراق پابەندی دەستوور بێت و ئیتلزامی پێوە بکەن، ئەوەی پابەندی دەستووریش نەبێت ئێمە ڕاپەرین دەکەین دژی، بۆ ئەوەی دەستوور بگەڕێتەوە بۆ شارەکە، ئەوەتا دەبینن حکوومەتی عێراق باکی نییە و پێشێلی دەستووری کردووە، کە دەستوور و یاساش پێشێلکرا هیچ شتێك نامێنێ بۆ تاك، نە ماف نە ئازادی، کە ئەمانەش نەبوون تاکی کورد لەم شارە دەکەوێتە ژێر مەترسی، کە ئێستا لە ژێر مەترسییەکی گەورە دایە لەم شارە، بەهۆی ڕەفتارەکانی سوپای عێراقی کە ڕۆژانە خەڵکی ئەم شارە ئازار دەدەن.

بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری باڵیۆزخانەی کەنەدا لە عێراق سەردانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دەکات



خاتوو ئاشلی دۆرێك، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری باڵیۆزخانەی کەنەدا لە عێراق بە یاوەری خاتوو یاسمین ئەلعەتیە، بەرپرسی سیاسی و پەیوەندییە گشتییەکانی نووسینگەی هەولێری باڵیۆزخانەی کەنەدا لە عێراق سەردانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەب و ژمارەیەك لە ستافی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ك) بە گەرمی پێشوازی کران.

هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ك) لە میانی پێشوازیکردن لە خاتوو ئاشلی دۆرێك، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری باڵیۆزخانەی عێراق و بەرپرسی سیاسی و پەیوەندییە گشتییەکانی نووسینگەی باڵیۆزخانەی کەنەدا لە هەرێمی کوردستان هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن لە کار و پڕۆژە و چالاکییەکانیان لە هەرێمی کوردستان و هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (د.ك) خستە ڕوو بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی کەنەدا لە هەموو بواڕەکان دا.

لە دیدارەکە دا بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ك) سوپاس و ستایشی پشتگیری و هاوکارییەکانی مرۆیی و سیاسی و سەربازی گەڵ و حکوومەتی کەنەدای کرد لە هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی دیموکراسی و بەتایبەتی لە گەیاندنی هاوکاری سەربازی و مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە ساتە وەختەکانی هێرش و پەلامارە تیرۆریستییەکانی دژندەترین ریکخراوی تیرۆریستی جیهانی (داعش) بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان. کەنەدا هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانەی بەرامبەر مەرگەسات و جینۆسایدی ڕژێمی بەعسی عێراق هەبووە دژی گەلی کورد کە لە وڵاتە پێشەنگەکانی جیهان بووە کە بە فەرمی لە پەرلەمانی کەنەدا دانی ناوە بە جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی ڕژێمی بەعسی لە بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەی شەهید و تاوانی زیندەبەچاڵکردنی ١٨٢ هەزار مرۆڤی بێتاوان و سیڤیلی کورد لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و هیوای خواست کە لە گرنگپێدانی وڵاتی کەنەدا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەرێمی کوردستان کە گەشەی زیاتر بە پەیوەندییەکانی سیاسی، دیپلۆماسی . ئابووری، سەربازی و کەلتووری و وەبەرهێنان بدات لە گەڵ هەرێمی کوردستان دا.

خاتوو ئاشلی دیۆرێك، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری باڵیۆزخانەی کەنەدا لە هەولێر خۆشحاڵی خۆی بە سەردانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ك) خستەڕوو و ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی گرنگی بە ئاسایش و ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە و بە تایبەتی بە هەرێمی کوردستان دەدات و کەنەدا بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان و گەشەی زیاتر بە پەیوەندییەکانیان دەدەن لەگەڵ دامەزراوەکانی دیموکراسی هەرێمی کوردستان . بۆ ئاشنابوون بە دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و سیاسەت و دیدگای (پ.د.ك) لەسەر کۆمەڵێك بابەتی پەیوەست بەپەیوەندییەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی چەندین پرسیاری ئاراستەی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ك) کرد کە هەردوو لا تێگەییشتنی هاوبەشیان هەبوو کە سوود بەخشن بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و پێکەوەژیان و هاوکاری و هەماهەنگی نێوانیان و گرنگیدان بە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان و لاوان لە دامەزراوەکان دا، باشترکردنی سیستەمی پەروەردەیی و هێنانەدی یاسای چاکسازی و گرنگیدان بە کەرتی تەندروستی و ژینگەی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمی کوردستان.

سبەی شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

بەڕەوپێشچوونی باش لە گفتوگۆکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم هاتووەتە ئاراوە



بڕیارە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دانوستان و ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەسەر بووجە، مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم سەردانی بەغدا بکات. بەپێی زانیارییەکانیش، شاندی حکوومەتی هەرێم هەمان ئەو شاندە دەبێت کە لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێکی دیکە سەردانی بەغدایان کرد. سەرچاوەیەکیش بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاندووە، بەڕەوپێشچوونی باش لە گفتوگۆکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم هاتووەتە ئاراوە و چاوەڕوان دەکرێت لەم سەردانەدا بگەن بە ڕێککەوتنی کۆتایی لەبارەی پرسە داراییەکانی نێوانیان.

بڕیارە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دانوستان و ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی عێراق لەسەر بووجە، مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم سەردانی بەغدا بکات. بەپێی زانیارییەکانیش، شاندی حکوومەتی هەرێم هەمان ئەو شاندە دەبێت کە لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێکی دیکە سەردانی بەغدایان کرد. سەرچاوەیەکیش بە ئاژانسی ئانادۆلوی ڕاگەیاندووە، بەڕەوپێشچوونی باش لە گفتوگۆکانی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم هاتووەتە ئاراوە و چاوەڕوان دەکرێت لەم سەردانەدا بگەن بە ڕێککەوتنی کۆتایی لەبارەی پرسە داراییەکانی نێوانیان.

هەروەها د. ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە کە ڕۆژی سێشەممە شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتن سەردانی بەغدا دەکات، هەردوولا گەیشتوونەتە بنەماکان و هەندێ وردەکاری لە بڕیارەکە دابنێن.

نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدا ماوە. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: ڕۆژی سێشەممە بۆ تەواوکردنی ئەو وردەکارییانە شاندی هەرێم دەچێتەوە بەغدا. لەبارەی ناردنی مووچەی فەرمانبەران لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، د. ڤیان سەبری دەڵێت: بێگومان مەبەست لە وردەکاری، ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە، بەڵام زانیاریم نییە لەسەر وردەکاری لەبارەی ڕەوانەکردنی مووچەوە.

تا ئێستا شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان شەش جار سەردانی بەغدای کردووە و لەسەر پرسی نەوت و غاز، بوودجە و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەگەڵ شاندی حکوومەتی فیدراڵ نەنجامد. دوای ئەو قەیرانەی کە بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەسەر ئاستی جیهان سەریهەڵدا و بەهۆیەوە نرخی نەوت بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزی، بەو پێیەی عێراق و هەرێمی کوردستان بەڕێژەی لەسەدا ٩٠ داهاتەکانیان پشت بە هەناردەکردنی نەوت دەبەستێت، بۆیە حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ تووشی کەمی نەختینە بوونەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ژمارەیەک لێژنە بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر وردەکاری ئەو ڕێککەوتنەی کە چاوەڕوان دەکرێت لەنێوان هەولێر و بەغدا واژوو بکرێت، پێکهێنراوە. حکوومەتی فیدراڵ ڕۆژی ١٩-٥-٢٠٢٠ بە نووسراوی ژمارە ٨٠٢ بە واژووی وەزیری دارایی، عەلی عەبدولئەمیر عەلاوی کە ئاراستەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، ڕەزامەندی نیشاندا‌وە لەسەر خەرجکردنی بڕی ٤٠٠ ملیار دینار کە ئەم بڕە ٥٣ ملیار دیناریی کەمتربوو لەو بڕەی کە لە بوودجەی ساڵی ٢٠١٩ دا وەک شایستەی دارایی هەرێمی کوردستان جێگیرکرابوو. بەپێی خاڵێکیش کە لە ناوەڕۆکی نووسراوەکەدا هاتبوو، حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم دەست بە گفتوگۆی چڕ بکەن بەمەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتن کە لە مانگێک تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەو نووسراوە کە ڕۆژی ١٩-٥-٢٠٢٠ و یاسای ئیدارەی مالی دەبێتە بنچینەی ئەم دانوستانانە. هەروەها دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی لە حکوومەتی فیدراڵ و دیوانی چاودێری دارایی سەرجەم داهاتە نانەوتییەکانی هەرێم دەستنیشان دەکەن و وردبینی تیادا دەکەن.

هەروەها حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە نووسراوی ژمارە ٢٠١ بە واژووی وەزیری دارایی و ئابووری، ئاوات جەناب نووری کە ئاراستەی وەزیری دارایی لە حکوومەتی فیدراڵ، عەلی عەبدولئەمیر عەلاوی کردبوو، تیایدا ڕەزامەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر ناوەڕۆکی نووسراوی ژمارە ٨٠٢ی وەزارەتی دارایی حکوومەتی فیدراڵ نیشاندابوو.

خاڵی ناکۆکی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرسی ڕادەستکردنی داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بوو بە بەغدا، چونکە هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی نیشاندابوو بە ڕادەستکردنی داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە بەغدا، بەڵام بیانووی حکوومەتی فیدراڵ ئەوەیە کە لەئێستادا نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت خەرجییەکانی عێراق پڕ بکاتەوە، بۆیە حکوومەتی فیدراڵ داوای ڕادەستکردنی داهاتە نانەوتییەکانی هەرێم دەکات و لە بەرامبەردا، هەرێم بەمەرجی پێدانی کۆی گشتیی مووچەی فەرمانبەران و شایستە داراییەکانی هەرێمی بەستبووەوە بە گفتوگۆی نێوان شاندی هەرووڵا.

گوتەبێژی هاوپەیمانیی نەسر:

ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور گرنگە



گوتەبێژی هاوپەیمانیی نەسر کە حەیدەر عەبادی سەرۆکایەتی دەکات، ڕێککەوتنی هەردوو حکوومەت هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای دەستوور و یاسا بەرکارەکان بە گرنگ وەسف دەکات. ئایات موزەفەر، گوتەبێژی هاوپەیمانیی نەسر بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە، کەوا ئەوان گەشبینن بە هەنگاوە جدیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ ڕێککەوتنی یەکجاری و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە ڕێگەی گفتوگۆ و بەپێی دەستوور، دەستووریش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە عێراق حکوومەتێکی ئیتیحادیە و هەرێمی کوردستانیش حکوومەتێکی سەربەخۆی هەیە وەک هەرێمێکی سەربەخۆ کە بەشێکە لە عێراق.

خاتوو ئایات ڕوونیشی کردۆتەوە کە ڕێککەوتنی هەردوو حکوومەت لەسەر بنەمای دەستوور، بە گرنگ دەزانن و لە دەستووردا ئەرك و مافەکانی هەردوو حکوومەت دیاریکراوە، هەر لە پرسی دەروازە سنوورییەکان و چۆنیەتیی دابەشکردنی داهات و بەرێوەبەری ناوچە جێناکۆکەکان «ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان».

گوتەبێژی هاوپەیمانێتییەکەی عەبادی باسی لەوەش کردووە کە بەرژەوەندیی حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لەوەدایە بە ڕێککەوتنی یەکجاری بگەن. جەختیشی کردەوە کە "کوردەکان لەگەڵماندا لەم وڵاتە هاوبەشن و لە بەرەنگاربوونەوەی داعشدا ڕۆڵیان هەبووە، نابێت کارێك بکرێت، ئاستەنگ بۆ ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا دروست بکرێت".

بەشیر حەداد: تەعریب جارێکی دیکە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەستپێکردۆتەوە



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، لەبەر ئەوەی حکوومەتی عێراق وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی دیاری کردووە، پرۆسەی تەعریب جارێکی دیکە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێژەی عەرەب زیاتر بێت و، ئەگەر ئەو کێشەیەش چارەسەر نەکرێت، کاریگەری لەسەر دەنگی کورد لەو ناوچانە دەبێت. دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: حکوومەتی عێراق مانگی شەشی ساڵی داهاتوویی بۆ هەڵبژاردن دەستنیشان کردووە و، بەمەش عەرەبانـدن دەستی پێکردووەتەوە، ئەو کارەش کە بۆ پرۆسەی تەعریب دەکرێت لە ناوچە کوردستانییەکان، بۆ ئەوەیە ڕێژەی عەرەب لەو ناوچانە زیاتر بێت و دەیانەوێت دیمۆگرافیای ناوچەکە بگۆڕن و کاریگەری بکاتە سەر دەنگی کورد.

حەداد ئەوەشی گوتووە: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو دانوستانەکان جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکان بکاتەوە و هەوڵ بدرێت هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و سوپا دروست بکرێت، هەروەها هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانە. ناوبراو باسی لەوەش کردووە کە ئەوەی دەکرێت هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقە و ئەگەر سەرکردایەتیی کورد ئەو کێشانە چارەسەر نەکات، ئەو شاڵاوەی تەعریب، کاریگەری لەسەر دەنگی کورد دەبێت، بۆیە پێویستە پێش هەڵبژاردن ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت و کۆتایی پێ بهێندرێت، بۆ ئەوەی دەنگی کورد لەو ناوچانەدا کەم نەکات.

ئەحمەد داود ئۆغلو:

بەهەموو شێوەیەک لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەی کوردین



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

ئەحمەد داود ئۆغلۆ سەرەك وەزیرانی پێشووی تورکیا لە کۆنفرانسێکدا لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان تێڕوانینی حزبە تازەکەی (ئایندە) سەبارەت بەکورد و کردەوە سەربازییەکانی تورکیا لە دەرەوەی وڵات خستەڕوو.

داودئۆغلۆ کە بەهۆی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئوردۆگان سەرۆکی ئێستای تورکیا، لەحزبی عەدالە و تەنمیەی ئیسلامی جیابووەوە و لەگەڵ چەندین کەسایەتی دیاری ئەو حزبە جیابوونەوەی خۆیان و دروستکردنی حزبی ئایندەی تورکیایان ڕاگەیاند، دوێنێ یەکشەممە لەشاری ئامەد گوتی: بەهەموو شێوەیەك لەگەڵ چارەسەری کێشەی کوردین لە تورکیا و دژی ئەو ڕێوشوێنانەین کە لەم ساڵانەی دوایی بەیاسای (قەیوم) سەرۆك شارەوانییە کوردە هەڵبژێردراوەکانیان لادەدا و دەستگیریان دەکردن و خەڵکی ناوچەکانی تری تورکیایان دەهێنا لە شوێنیان دادەنان. ئەمە کارێکی دادپەروەرانە نییە و کێشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا «باکووری کوردستان» ئاڵۆزتر دەکات.

داود ئۆغلۆ لەدرێژەی قسەکانی گوتی: من کە ئێستا لە ئامەدم دەبێ ئەو ڕاستییە بڵێم کە زمانی دایك لێرە کوردییە و کەس ناتوانێ نکۆڵی لەم ڕاستییە بکات و دەبێ خەڵك زمانی دایك و زمانی ڕەسمی وڵاتەکەشی بزانێت و لە خوێندن و کاری ڕۆژانەی بەکاربێنێت. لەبارەی هەڵوێستی حزبە تازەکەی تورکیا (ئایندە) بەرامبەر پەکەکە داود ئۆغلۆ گوتی: ئێمە پەکەکە بە نوێنەری کورد نازانین و وەك تیرۆرست لێی دەڕوانین هەروەك چۆن تاقمی فەتحوڵا گوڵەنیش بەتیرۆرست دەزانین، بەڵام لەگەڵ هەندێ لەو کردەوە سەربازیانە نین کە سوپای تورکیا لەدەرەوەی تورکیا و دوور لە خاك و نیشتیمانی خۆمان ئەنجامی دەدا، ئەرکی ئێمە بەرگریکردنمانە لە خاك و گەلی تورکیا و پشتیوانی لەهەر هاووڵاتیەکی خۆمان دەکەین، بەڵام سەرکێشی نابەرپرسانە بەخوێنی ڕۆڵەکانمانەوە ناکەین و زۆر لەو کێشانەی ئێستا سوپاکەمان پێوە خەریك بووە دەکرێت بەشێوازی دیپلۆماسی و گفتوگۆ چارەسەری بکەین بەبێ ئەوەی هیچ شوێنێك ناوبات کە چاودێران پێیان وایە مەبەست لیبیایە.



تەندروستی کەرکووک:

کەمترین ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا بۆ چارەسەر ڕوودەکەنە نەخۆشخانەکان

بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستیی کەرکووک، زیاد خەلەف ڕایگەیاند، ژمارەی گیانلەدەستدانی ئەو تووشبووانەی لە ماڵەوە خۆیان کەرەنتین کردووە زیاترە لەو تووشبووانەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە نەخۆشخانەکان گیان لەدەست دەدەن.

زیاد خەلەف گوتیشی: تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕووناکەنە نەخۆشخانەکان و لە ماڵەوە خۆیان کەرەنتین دەکەن ئەویش وا دەکات زۆرترین حاڵەتی گیانلەدەستدان لەو نەخۆشانە ڕووبدات کە لە ماڵەوە خۆیان کەرەنتین کردووە و ناچنە نەخۆشخانەکان. ناوبراو ڕاشیگەیاند، ئەوانەی لە ماڵەکانی خۆیان بەهۆی کۆرۆناوە گیان لەدەست دەدەن پاش ئەنجامدانی پشکنین لە پزیشکی دادوەری ئەوکات دەردەکەوێت کە بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە. وزۆرجاریش کەسوکاری ئەوانەی بەکۆرۆنا گیان لەدەست دەدەن دەیانەوێت بیشارنەوە ئەویش بۆ ئەوەی خۆیان ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەی ئەنجام بدەن.

مشتومڕ سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی لە تەقینەوەکەی بەیروت بەردەوامە

سەرۆکوەزیرانی لوبنان: کارەساتەکەی بەندەری بەیروت لە ئەنجامی گەندەڵی و خراپ ئیدارەدانی چەند ساڵە بوو

بۆ گێرانەوەی متمانەی گەل گرنگە لیژنەیەکی نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوە لە تەقینەوەکەی بەیروت بکات



تا دێت لە لوبنان، زیاتر داوا دەکرێت لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی لە تەقینەوەکەی بەندەری شاری بەیروت بکرێت، بەڵام لە بەرامبەردا داوا دەکرێت لایەنێکی ناوخۆ لێکۆڵینەوە لە تەقینەوەکەدا بکات. ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو موفتی لوبنان، شێخ عەبدوللەتیف دریان و سەرۆکی پارتی هێزەکانی لوبنان، سەمیر جەعجەع و سەرۆك حکوومەتەکانی پێشوو، سەعد حەریری، نەجیب میقاتی، تەمام سەلام و فوئاد سەنیورە و سەرۆکی پارتی پێشکەوتنی سۆشیالیستیی لوبنان، وەلید جونبلاّت داوایان کرد لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی سەبارەت بە تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت بکرێت. پێشتریش سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن لە میانی سەردانەکەی بۆ لوبنان، داوای کردبوو کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوەیەکی کراوە و شەفاف لە تەقینەوەکەی بەیروت بکرێت.

متمانەمان بە تواناکانی حکوومەت نییە

لەمبارەیەوە ئەندام لە پارتی پێشکەوتنی سۆشیالیستیی، فەیسەڵ سائیغ ڕایگەیاند کە ڕۆژی دووشەممە «ئەمڕۆ» داوا لە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی لوبنان، نەبیهە بری دەکات تا سەرۆکوەزیران بانگهێشت بکات بۆ ئەوەی سەبارەت بە چەند خاڵێك کە لە لێکۆڵینەوەدا بەدەستهاتوون، لێپرسینەوەی لێ بکرێت و گوتی: داوامانکردووە کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوە لە تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت بکات، چونکە ئێمە متمانەمان بەوەی نییە کە حکوومەت بتوانێت لەوبارەوە بگات بە ئەنجامێك. گوتیشی: لە کاتێکدا کە گەلی لوبنان زیانێکی زۆری گیانی داوە، لە ئێستادا ترسی ئەوەمان هەیە پرسەکە فەرامۆش بکرێت، بۆیە ناتوانین دۆسێی لێکۆڵینەوە لە تەقینەوەکە کە بەهۆی کەمتەرخەمییەوە ڕووداوە، ڕادەستی حکوومەت بکەین.

ڕاستەیەکی سیاسی لە پشت بانگەوازەکانەوە هەیە

لەمبارەیەوە وەزیری ناوخۆی پێشووی لوبنان، مەروان شربل ڕایگەیاند کە ئاراستەیەکی سیاسی لە پشت بانگەوازەکانەوە هەیە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی. مەروان شربل لە لێدوانێکدا گوتی: لە لوبنان هەمیشە ململانێی سیاسیی ڕوویداوە، بەتایبەتیش دوای ئەو حکوومەتەی کە بە سەرۆکایەتی حەسسان دیاب پێکهێنرا. سەبارەت بە تەقینەوەکەی بەندەری بەیروتیش، وەزیری ناوخۆی پێشووی لوبنان، مەروان شربل گوتی: بێ گومان تەقینەوەکە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی ڕووبداوە و لەئێستادا لێکۆڵینەوە بۆ ئاشکراکردنی ئەو کەسەی کە کەمتەرخەمی کردووە و هۆکاربووە لە تەقینەوەکە، دەستی پێ کراوە.

گێڕانەوەی متمانەی گەل

ئەندامی فراکسیۆنی ڕەوتی موستەقبەل لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی لوبنان، محەمەد حەجاریش ڕایگەیاندووە: «گەل متمانەی نییە بە تواناکانی حکوومەت و دەسەڵاتی دادوەریی لوبنان بۆ ئاشکراکردنی هۆکاری تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت». ئەوەشی گوتووە: ئەگەر حکوومەت نیازی هەبێت بۆ گێڕانەوەی متمانەی گەل، ئەوا دەبێت بۆ لێکۆڵینەوە پەنا بۆ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی ببرێت بۆ ئەوەی ڕاستی ڕووداوەکە بۆ هەموان ئاشکرا ببێت.

واژووکردنی پێشنیازێک

لای خۆیەوە ئەندامی فراکسیۆنی هێزەکانی لوبنانی، عیاد واکیم ڕایگەیاندووە کە سوورن لەسەر ئەوەی دەبێت لیژنەیەکی نێودەوڵەتیی لێکۆڵینەوە لە تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت بکات و بۆ ئەو مەبەستەیش پێشنیازێکیان واژووکردووە کە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرزی دەکەنەوە. عیاد واکیم گوتی: ئەو کەسەی کە ڕێگەی داوە ئەو جۆرە ماددەیە لە بەندەرەکە دابندرێت بەرپرسە لە تەقینەوەکە.

بزووتنەوەی ئەمەل دژی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتییە


لای خۆیەوە ئەندام لە فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئەمەل لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی لوبنان، محەمەد نەسروڵڵا گوتی: ئێمە پاڵپشتی لەوە ناکەن بۆ چارەسەرکردنی پرسە تایبەتییەکانی ناوخۆی لوبنان پەنا بۆ دەرەوە ببرێت. محەمەد نەسروڵڵا ڕاشیگەیاند: ئەگەر هەمووان لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەمان ڕێکنەکەوین و پەرۆشی وڵاتەکەی خۆمان نەبێت، چۆن وڵاتانی دەرەوە پەرۆشی وڵاتەکەمان دەبن. ئەوەشی گوت: متمانەمان بە دامەزراوە ئەمنی و دادوەرییەکانی لوبنان هەیە کە دەتوانن لێکۆڵینەوەیەکی باش و ورد لە تەقینەوەکەدا بکەن. پێشتریش جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی لوبنان، ئیلی فەرزەلی ڕایگەیاندبوو کە داواکردن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتیی لە تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت، بە واتای هەڵوەشاندنەوەی لوبنان دێت.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرۆکوەزیرانی لوبنان، حەسان دیاب داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەی لە وڵاتەکەی کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە لوبنان بە قۆناغی سەختدا تێپەڕدەبێت. حەسەن دیاب لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: ڕۆژی دووشەممە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە دەخەمە بەردەم حکوومەت. سەرۆکوەزیرانی لوبنان گوتیشی: ئامادەم بۆ ماوەی دوو مانگ بەرپرسیاریەتی حکوومەت لەئەستۆ بگرم تاوەکو پارتە سیاسییەکان دەگەنە ڕێککەوتن بۆ قۆناغی داهاتوو. دیاب ڕاشیگەیاند «کارەساتەکەی بەندەری بەیروت لە ئەنجامی گەندەڵی و خراپ ئیدارەدانی چەند ساڵە بوو». سەرۆکوەزیرانی لوبنان جەختی لەوەش کردەوە کە هەموو بەرپرسانی بەندەری بەیروت دەخرێنە ژێر لێپرسینەوە و ئەو کارەسانەتە بێ لێپێچینەوە تێناپەڕێت و لێکۆڵینەوەکان فراوانتر دەکرێن تاوەکو هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە پەیوەندارن بە ڕوودانی ئەو کارەساتە. دیاب گوتیشی: بۆچی ئەو مادانە ماوەی حەوت ساڵە لە بەندەرەکەدابوون، کێ سوودمەندبوو لە مانەوەیان؟

شایانی باسە لە ئاکامی ئەو تەقینەوەیەی ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو لە بەندەری بەیروت ڕووبدا، تاوەکو ئێستا ١٥٨ کەس کوژراون و زیاتر لە شەش هەزاری دیکە بریندارببوون. هەروەها پارێزگاری بەیروت، مەروان عەبود لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کرد کە زیانی تەقینەوەکە ١٥ ملیار دۆلار تێدەپەڕێنێت.

لوبنان.. خۆپیشاندان لە دژی ئەوانەی بە بەرپرسیاری تەقینەوەکەی بەیروت دەزانرێن بەردەوامە

خۆپیشاندەران هەڵیانکوتایە سەر تەلاری وەزارەتەکانی دەرەوە، ئابووریی، ژینگە و وزە و ئاو



لە میانی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی لوبنانیدا کە حکوومەتی وڵاتەکەیان بە بەرپرسیار دەزانن بەرامبەر ئەو تەقینەوەیەی کە لە چواری ئابدا لە بەیروتی پایتەخت ڕوویدا و بە هۆیەوە 158 کەس گیانیان لەدەست دا و زیاتر لە شەش هەزار کەسیش بریندارببوون، ئەندامێکی هێزە ئەمنییەکان گیانی لەدەست دا و 238 کەسی دیکەیش بریندارببوون.

هەزاران کەس لە مەیدانی شوهەدا لە ناوەڕاستی بەیروت گردبوونەوە و هوتافیان دژبە سەرکۆماری لوبنان، میشێل عەون و بەرپرسانی دیکە و شێوازی حکومڕانی مەزهەبگەرایی وڵاتەکەیان کێشا کە ساڵانێکی زۆرە گرووپە سیاسییەکان دەڕێژەی پێ دەدەن. خۆپیشاندەران کە بەنیازبوون بەرەو تەلاری پەرلەمان ڕێپێوان بکەن، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگیریان لێکرا و غازی فرمێسکڕێژیان بەرامبەر بەکارهێنرا ئەوانیش بە بەرد بەرپەرچیان دانەوە.

لە خۆپیشاندانەکەدا کە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە دەستی پێ کرد و تا درەنگانی شەویش دڕێژەی هەبوو، ژمارەیەك دووکان و بارهەڵگر سووتێندران. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن یەکەی ئاسایشی ناوخۆی لوبنانەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە هێزە ئەمنییەکان هەوڵیانداوە ژمارەیەك هاووڵاتی کە پەنایان بردبووە بەر هۆتێل لی گرای کە لە شوێنی خۆپیشاندانەکەیە دووچاری گرژیی بوونەتەوە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە لە میانی گرژییەکەدا، کارمەندێکی هێزە ئەمنییەکان کەوتووە و گیانی لەدەستداوە و ئەو دەنگۆیانەش بەدرۆخراوەتەوە کە باس لەوە دەکەن کەسەکە بەهۆی تەقەکردنەوە گیانی لەدەستدابێت. یەکەی ئاسایشی ناوخۆی لوبنان، ئاماژەی بەوە کرد کە پێنج خۆپیشاندەر لە مەیدانی شوهەدا دەستگیرکراون. لە لایەکی دیکەوە، ڕێکخراوی خاچی سووری لوبنان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە لە ئەنجامی گرژیی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەراندا، 238 کەس بریندارببوون کە 63یان ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.

- خۆپیشاندەران هەڵیانکوتایە سەر بانکەکان

لە میانی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکەدا کە لە مەیدانی شوهەدا بەڕێوەچوو کە نزیکە لە تەلاری پەرلەمان و کۆشکی حکوومەت، هوتافی «تۆڵەی ئەوانەی لە بەندەری بەیروت گیانیان لەدەست دا» دەوترایەوە و ناوی «ڕۆژی لێپرسینەوەی لێنرا»، هاوکات گرووپێك لە ئەفسەرانی خانەنشین هەڵیانکوتایە سەر تەلاری وەزارەتی دەرەوە لە ناوچەی ئەشرەفییە. ئەفسەرانی خانەنشین کە بەبێ ڕێگری هێزە ئەمنییەکان چوونە ناو تەلاری وەزارەتی دەرەوە، هوتافی «بەیروت دەبێتە شارێکی لە چەکداماڵدراو» و «بەیروت شاری شۆڕشە»یان دەوتەوە. خۆپیشاندەران ئاماژەیان بەوە کرد کە تەلارەکە دەکەنە بارەگای شۆڕش و وێنەی سەرکۆمار میشێل عەون و زاوەکەی جیبران باسیل کە وەزیری پێشووی دەرەوە بووە داگرت و سووتاندیانن. دوای ئەوەی ڕازی کران تەلارەکەیان جێهێشت. هەروەها خۆپیشاندەران هەڵیانکوتایە سەر تەلاری وەزارەتەکانی ئابووریی، ژینگە، وزە و ئاو زیانیان بە نووسینگەکان گەیاند. خۆپیشاندەران هەروەها چوونە نێو تەلاری یەکێتیی بانکەکان.

سەرەڕای رەزامەندیی حکوومەتی عێراق و ئێران

بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزی تەوێڵە - شوشمێ بۆ کاتێکی نادیار دواخراوە



حەمید بارام بۆ خەبات:

مەرزەکە سەرجەم فەرمانگەکانی تێدایە و هیچ گرفتێکی نییە

خەبات/ عەلی بانیشاری

پاش چاوەڕوانییەکی زۆر هێشتا دیار نییە کەی مەرزی تەوێڵە - شوشمێ لە سنووری ناحیەی بیارەی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە بەنێودەوڵەتی دەکرێت. بەمەبەستی کارئاسانی زیاتر بۆ هاتووچۆی بازرگانیش مەرزەکە فراوان دەکرێت و دەرگایەکی دیکەی بۆ زیاد دەکرێت. بەڕێوەبەری ناحیەی بیارەش دەڵێت: ئێستا شۆفێران دەتوانن لە دوو دەرگاوە کاری بازرگانی ئەنجام بدەن.

حەمید بارام بە(خەبات)ـی راگەیاند: کۆماری ئیسلامی ئێران و حکوومەتی عێراق ڕەزامەندن مەرزی تەوێڵە بە نێودەوڵەتی بکرێت، ئەوەی ماوەتەوە هەندێك کاری ئیداریە کە دەبێت وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئەنجامی بدات. گوتیشی: مەرزەکە سەرجەم فەرمانگەکانی تێدایە و هیچ گرفتێکی نییە.

بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە باسی لەوەشکرد پێشتر مەرزەکە تەنها یەك دەرگای بۆ هاتووچۆی بازرگانی هەبووە، ئەوەیش وایکردبوو شوفێران کاتێکی زۆریان پێویست بێت بۆ هاتن و چوون، بەڵام ئێستا دەرگایەکی دیکە بۆ مەرزەکە زیادکراوە و شۆفێران زووتر و ئاسانتر دەتوانن هاتووچۆ بکەن. ئاماژەی بەوەشدا بەهۆی کردنەوەی دەرگای دووەمەوە بەراورد بە پێشتر ڕۆژانە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری زیاتر هاتووچۆ دەکەن.

بەگوێرەی ئەو ئامارەی بە (خەبات) دراوە ڕۆژانە نزیکەی ١٥٠ ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری لە مەرزی تەوێڵە-شوشمێ هاتووچۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن و کەلوپەل و خۆراك هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن. بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە دەڵێت: بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزەکە وا دەکات سنووری پارێزگای هەڵەبجە بوژاندنەوەی ئابووری بەخۆیەوە ببینێت و هەڵی کار بۆ سەدان هاوڵاتی سنووورەکە بڕەخسێت.

حەمید بارام دەشڵێت: دەبوو زووتر مەرزی تەوێڵە-شوشمێ بە نێودەوڵەتی بکرایە، چونکە ماوەیەکی زۆرە سەرجەم ئامادەکارییەکان تەواو بووە. لەبارەی داهاتی ساڵانی مەرزەکەشەوە؟ بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە گوتی: بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانی ئاگاداری داهاتی مەرزەکەیە.

542 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون و 17 کەسیش گیانیان لەدەست دا

هەرێمی کوردستان. تووشبوون بە کۆرۆنا 17 هەزار حاڵەتی تێپەڕاند



160 لە دهۆك و 16 کەس لە هەڵەبجە.


وەزارەتی تەندروستی ئەوەیشی خستوەتەڕوو کە ژمارەی ئەو کەسانەی لە میانی 24 کاتژمێردا، گیانیان لەدەستداوە بریتی بووە لە 17 کەس و لەو ژمارەیەش 10 لە هەولێر، یەك لە سلێمانی، پێنج لە گەرمیان و یەك کەسیش لە هەڵەبجە.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئامارژەی بەوەیش کردووە کە هەر لە میانی 24 کاتژمێردا، چوار هەزار و 104 پشکنینی نوێ بۆ هاووڵاتیان ئەنجامدراوە و 141 کەسیش چاکبوونەتەوە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی ئەو پشکنینەی کە بۆ هاووڵاتیان ئەنجامدراوە بریتییە لە 226 هەزار و 182 پشکنین و تا ئێستاش، 17 هەزار و 39 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، 10 هەزار و 143 کەس دوای وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی چاکبوونەتەوە، شەش هەزار و 248 کەسیش لە نەخۆشخانەکان چارەسەری پزیشکی وەردەگرن و بە کۆی گشتیش تا ئێستا 648 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە.

دوێنێ یەکشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە 542 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 17 کەسی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە. وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە، 542 حاڵەتەکە بەم شێوەیە دابەشبووە: 285 کەس لە هەولێر، 25 لە سلێمانی، 56 لە گەرمیان، ناحیەی بیارە دەڵێت: بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزەکە وا دەکات سنووری پارێزگای هەڵەبجە بوژاندنەوەی ئابووری بەخۆیەوە ببینێت و هەڵی کار بۆ سەدان هاوڵاتی سنووورەکە بڕەخسێت.

حەمید بارام دەشڵێت: دەبوو زووتر مەرزی تەوێڵە-شوشمێ بە نێودەوڵەتی بکرایە، چونکە ماوەیەکی زۆرە سەرجەم ئامادەکارییەکان تەواو بووە. لەبارەی داهاتی سالانی مەرزەکەشەوە؟ بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە گوتی: بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانی ئاگاداری داهاتی مەرزەکەیە.



مەهێلن هەرزە سیاسییەکانی ئەمرۆ مێژووی پڕ سەروەریمان چەواشە بکەن و بیشێوێنن

سالار قەرەداغی

زۆر بێزارم لەو نەفام و نەشارەزایانەی کە دژایەتی شۆڕشگێڕە مەزنەکانی مێژووی پڕ سەروەریمان دەکەن وەکو نەمران (سمکۆی شکاك، شێخ سەعیدی پیران، شێخ ڕەزای دەرسیم، شێخ مەحمودی حەفید، ئیحسان نوری پاشا، پێشەوا قازی محەمەد، مستەفا بارزانی، دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملۆ) دڵنیام کە ئەو کاڵفام و بازرگانە سیاسییانە کە زۆربەیان لە تۆپژی گەنجانن شارەزای مێژووی ئەم پیاوە مەزنانە نین و کەوتونەتە ژێر هەژمونی میدیای چەواشەکاریەوە!

هەر هەموو ئەم سەرکردە شۆڕشگێڕانە گشت ژیانی خۆیان بەخشی بە کێشەی ڕەوای کورد و لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری نەتەوەو نیشتمانە داگیرکراوەکەیاندا یان لە سێدارە دراون یان بە فێڵ و خەڵەتاندن تیرۆر کراون یان هەموو ژیانیان بە شاخەوە بوون و هەمیشە هەر بەرداو بەردیان کردووەو تووشی چەرمەسەری زۆر بوونەتەوە!

لێرەدا دەمەوێت باسێك لە مێژوویەکی زۆر نزیك بکەم کە زوربەی ئەوانەی بە تەمەنن تیا ژیاون یان تەنانەت بەکردار بەشداریان تیاکردووە، بەندە یەکێکە لەو کەسانە کە زۆر بە جوانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولم لە بیرەوەریدا ماوەو خەریکی کۆکردنەوەی هەموو دۆکۆمێنت و بیرەوەریەکانی خۆمم هەتا ڕاستگۆیانە باسێکی چڕ و پڕی مێژووی ١٤ ساڵەی ئەم شۆڕشە مەزنە بکەم، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە بەهەڵە و لە سەر بناغەی ڕق و قینە و پەروەردەیەکی سەقەتی شکاندنی لایەنێکی دیاریکراودا بۆ مەرامی بەرزکردنەوەی خۆیان و حیزبەکانیان هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە زۆربەی ئەو سپڵە و بێبڕوایانە چەندین جار بارزانی و شۆڕش لە خیانەتەکانیان خۆش بوون و لێبوردنیان بۆ دەرچووەو هاتوونەتەوە ناو شۆڕش هەتا نسکۆی شۆڕش لە مانگی ئازاری ١٩٧٥ بە ڕێککەوتنە شوومە نێودەوڵەتیەکەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ شۆڕش تووشی نسکۆیەکی گەورەی کاتی بوو کە تەواوی ئەو کەس و لایەنانەی کە ناوی تریان بۆ بە نسکۆ داتاشی، خۆیشیان لەو شۆڕشەدا هەتا مانگی ئاداری ١٩٧٥ بە چالاکی و بە پشتگیریەکی تەواوەوە بەشدار بوون!

لێرەدا مەبەستمە باسێکی دوژمن و کۆنە لە قینەکانی (مەلا مستەفا بارزانی) نەمر بکەم کە هەمیشە مەکینەی ئیعلامی دوژمنە تەقلیدیەکانی بارزانی لە ساڵی ١٩٦٤ بەوڵاوە بە هەموو توانایانەوە لە هەوڵدانی شکاندنی بارزانی و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوون هیچ نووسین و کارێکی نەشیاو نەما بە درۆ و دەڵەسە نەما پەنایان بۆ نەبردێت بۆ شکاندنی شکۆی بارزانیی نەمر، تەنانەت هەوڵی کەمکردنەوەی نرخی هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی بارزان لە کاتی ئمپراتۆرییەتی عوسمانی و دواتریش لە دروستبوونی حوکمی ئینگلیز و مەملەکەتی هاشمی، هەروەها بوختان و درۆی زەق دژ بە بەشداریکردنی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستاندا لە مهاباد کە بارزانییەکان تاکە هێز بوون بەرگریەکی سەختیان لە کۆمارەکە کرد و پێشەوا قازی محەمەدی نەمریش ئاڵای کوردستانی لە نووسینگەکەی خۆی بە ئەمانەتەوە ڕادەستی (مستەفا بارزانیی نەمر کرد و داوای لێکرد کە ئەو ئاڵایە بپارێزێت!

بەڵام تەواوی ئەوانەی کە ئاوها لە لایەن کۆنە جاش و دوژمنانی کوردەوە قورمیش کراون و هەمیشە کاریان بۆ شکاندنی شکۆی ئەم پیاوە کاریزمایە مەزنە کەم وێنەیە کردووە!

بۆ زانیاریتان بارزانی هەمیشە کوردی پێش حیزب خستووەو ئەو سەرۆکی نەتەوەکەی بوو نەك تاکە حزبێك، لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا تەواوی حزب و لایەنە جیاوازەکانی بە یەك چاو سەیر دەکرد جا سەربەخۆ بوونایە یان سەر بە حزبێکی تر وەکو «حیزبی شیوعی و کاژیك» یان تەنانەت تورکمان و ئاسووری و کلدانی و چەندین عەرەبی عێراقیش بەشداری شۆڕش بوون، خۆزگە لە سەرچاوە بێلایەنە جیهانیەکانەوە وەکو: ئادەم سمیسی ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی و کریست کۆچێرای سیاسەتمەداری فەڕەنسی و تەواوی پیاوە مەزنەکانی تری جیهانتان دەخوێندەوە، هەروەها خۆزگە ئینسکلۆپیدیای جیهانیتان دەخوێندەوە هەتا بزانن چۆن وەسفی ئەم پیاوە مەزنەی کورد دەکات! دووبارە خۆزگە وەسفەکانی خوالێخۆشبوو (مام جەلال تاڵەبانی) سەرۆك کۆماری پێشووتری عێراقتان دەبیست و دەخوێندەوە کەچی وەسفێکی زۆر جوانی ڕاپەڕینی بارزانییەکان و سەرۆك بارزانیی نەمر دەکات بە مەرجێك چەند جارێك چەکی خوێناوی و میدیایی لە دژی بارزانی بەکارهێناوەو سەرئەنجام تاڵەبانی لە کەناڵی ئەلشەرقیەی عێراقی فەمووی: گەورەترین هەڵەم لە هەموو ژیانمدا کردبێت جیابوونەوەم بوو لە مستەفا بارزانی!

ئەوەی جێگەی داخە هەندێك لە کەسایەتی بە پەروەردەی دەستی داگیرکەرانی کوردستان هەوڵیانەدەن و دەیانەوێت مێژووی پڕ لە سەوەری نەتەوەکەمان و زۆربەی سەرکردەکانی کورد بشێوێنن بە تایبەت لە نێو تۆپژی هەرزەکاراندا چونکە بە داخەوە گەنجان بێئاگان لە مێژووی پڕ لە سەروەری کورد و سەرکردە و کورداییەتی هەروەها تێکدانی یەکێتی کورد و سەربەخۆیی کوردستانیان کردۆتە ئامانج و دژ بە مێژووی خۆیان هەروەها دژ بە ئاڵای پیرۆزی کە سیمبولی نەتەوەیەکی چەوساوەیە سووکایەتی پێدەکەن! نەیارانی بێعاری بارزانی و شۆڕش ئەم نسکۆیەیان قۆزتەوە و لەدژی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول زۆر نا بەرپرسانە بەکاریان هێناو دووبارە دووبارەکیان دروستکردەوە کە تا ئێستایش پێوەی دەناڵێنین لە دوو ئیدارەیی و دووبارەکی و تەنانەت زۆر بێباکانە پەنایان بۆ گەورەترین خیانەت برد لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و تا ئێستاش هەر بەردەوامن.

ئەم دیاردەیە حاڵەتێکی زۆر ترسناکە دەبێت بە تووندی بە ڕەنگاری ببینەوەو هەموو سەرکردە نەتەوییەکانی کودستانیش بە بارزانیی نەمریشەوە مۆڵکی نەتەوەن نەوەك حیزبێکی دیاریکراو .

لە کۆتایدا هیوادارم کەسایەتیە پاك و نەتەوەییەکانی ناو هەموو حیزبەکان و بیرمەندان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ڕاگەیەندەکان و کەسایەتی سەربەخۆی وەکو بەندەش قۆڵی لێهەڵبکەین و نەهێڵن مێژوومان لەکەدار بکرێت و تابوری پێنجەم ریسوا بکەین و ئینتیما بۆ نەتەوە بگێڕینەوەو بە پەرۆشیەوە هەوڵی تەبایی نێو ماڵی کورد بدەین.

تەندروستیی عێراق:

هێشتا لە قۆناغی یەکەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادایە

وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق ڕایگەیاند، هێشتا وڵاتەکەیان لە قۆناغی یەکەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دایە و نەگەیشتووەتە قۆناغی دووەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە.

لەوبارەیەوە بریکاری وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق، حازم جومەیلی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکرایکرد، بەهۆی پابەندنەبوونی هاووڵاتیان بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستیی و لیژنەی بااڵی تەندروستیی و سەلامەتی نیشتمانیی، ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرزبووەتەوە و بەو پێیەی لەئێستادا ڕۆژانە، زیاتر لە سێ هەزار کەس تووشی ڤایرۆسەکە دەبن.

حازم جومەیلی گوتیشی: هێستا عێراق هێشتا لە قۆناغی یەکەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێدایە و نەگەیشتووەتە قۆناغی دووەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە. ئاشکراشیکرد لیژنەی بااڵی تەندروستیی و سەلامەتی نیشتمانیی، ژمارەیەك پێشنیازی بە ئامانجی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسی کۆرۆنا ئامادەکردووە کە لە کۆبوونەوەی هەفتەی داهاتوو دەخرێتەڕوو.

عێراق.. لە بەغدا و زیقار خۆپیشاندان بەڕێوەچوو



بەمەبەستی ناڕەزاییەتی دەربڕین لە هەمبەر خراپبوونی ڕەوشی کارەبا، هاووڵاتیانی دانیشتوی قەزای ئیسلاح ڕۆژهەڵاتی پارێزگای زیقار باشووری عێراق خۆپیشاندانیان ساز کرد. میدیاکانی خۆجێیی بڵاویان کردەوە کە دەیان هاووڵاتیی لە قەزای ئیسلاح ڕۆژهەڵاتی زیقار خۆپیشاندانیان سازکردووە کە لە میانیدا بۆ ناڕەزاییەتی دەربڕین لە هەمبەر خراپبوونی ڕەوشی کارەبا، ژمارەیەك ڕێگەی سەرەکییان داخستووە لەوانە ڕێگەی زیقار- میسان.

بەپێی میدیاکان لە میانی خۆپیشاندانەکەدا، خۆپیشاندەران داوایان لە حکوومەتی خۆجێیی کردووە کە گرفتی کەمی کارەبا لە سایەی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمادا چارەسەر بکات، هەروەها داواشیان کردووە کە قایمقامی قەزای ئیسلاح لە پۆستەکەی لابدرێت.

هەروەها ئێوارەی دوێنێ یەکشەممەش خۆپیشاندەران بارەگای پارێزگای بەغدایان گەمارۆ داوە، هەروەها چەند شەقام و پردێکی سەرەکیی ناوەڕاستی شارەکەشیان گرتووە، داوای هەڵسی کار و خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی ژیان لە مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراق دەکەن.

پێشمەرگەی ماندوونەناس دەرویش سەفتی کۆچی دوایی کرد

خەبات- سەفەر ژاژۆکی:
لە هەولێر دوای ملمالانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگە و فەرماندەی ماندوونەناس و هەڵگری مەدالیای بارزانیی نەمر دەرویش سەفتی کۆچی دوایی کرد، تەرمی خوالێخۆشبوو لەگوندی سەفتی سەر بە دەڤەری بارزان بەخاك سپێردرا.
پێشمەرگەی گیانفیدا دەرویش ئیسماعیل محەمەد ناسراو بە دەرویش سەفتی، ساڵی 1942 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروە و شۆڕشگێر لەدایکبووە، لە تەمەنی لاویەتیی هزری کوردایەتی دەچێتە دڵی.
لە ساڵی 1961 لە دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە گوندی سەفتی سەر بە دەڤەری بارزان لەگەڵ برا و کەسوکار و گوندەکەی دەبێتە پێشمەرگە، بەشداری لە چەندەها شەڕ دەکات لە دەڤەری بادینان، لە دوای شەهیدبوونی فەرماندە محەمەد ئیسماعیل سەفتی بۆ ای لە ساڵی 1969 خوالێخۆشبوو شوێنی ئەو دەگرێتەوە و دەبێتە فەرماندەی قوڵ لە ئاکرێ و شێخان. بەشداری لە شەڕەکانی شووش و شەرمن لە قەزای ئاکرێ، سەری ئەلقوش، شەڕی خۆرتوەکانی لە قەزای شێخان و چەندەها شەڕی تر کردووە، رۆژی 1969-8-18 سوپای عێراق بە هاوکاری جاشەکان پەلاماری گوندی خۆرتوەکانی دا کە لەو شەڕەدا 74 ژن و منداڵی خەڵکی گوندەکە لە ئەشکەوتی دا سوتاند و شەهید بوون و لەو شەڕەدا خوالێخۆشبوو برێندار بوو هەروەها هاوسەر و 4 منداڵەکانی لەگەڵ هاوسەری لە ناو ئەشکەوتەکەدا شەهید بوون. ساڵی 1975دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران دەبن، بەشداری لە شۆڕشی گوڵان دەکات و یەکێك لە ئەندامی کونگرەی نوێەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1979 دەبێت، لە بەر ئازایەتی ساڵی 1982 دەبێتە فەرماندەی بەتالیۆن لەگەڵ سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و پێشمەرگە گەراوەتەوە بۆ کوردستان بۆ ماوەی 8 مانگ لەکەتینە نزیك قەزای میرگەسۆر بوو و دواترگەراوەتەوە بۆ راژان ولە ساڵی 1991-1982 دەبێتە فەرماندەی پاسەوانەکانی سەر بەمەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشداری لە راپەرینی ساڵی 1991 دەکات لەگەڵ جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قاسمەڕەش چوویتە ڕانیە و دیانا. دوای راپەرین لە ئێران دەگەڕێتەوە لە قەزای خەبات سەربە پارێزگای هەولێر نیشتەجێ دەبێت، بۆ ماوەیەك دەبێتە فەرماندەی فەوجی پاسەوانەکانی سەرۆك مسعود بارزانی، دواتر دەبێتە ئەندامی دەزگای بااڵی ئەیلوول لە شەقاڵاوە. خوالێخۆشبوو لەبەر خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگایەتی دەیان ساڵانە لە کۆنگرەی 13 پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەن جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمر پێ بەخشرا. ماوەی چەندساڵ تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی 78 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.



نەخۆشخانەیەکی گشتیی پێشکەوتوو لە شیلادزێ دروست دەکرێت

بڕیارە نەخۆشخانەیەکی گشتی و سەردەمیانە لە ناحیەی شیلادزێی سەر بە قەزای ئامێدی دروست بکرێت و بەڕێوەبەری تەندروستی ئامێدیش دەڵێ، دەڤەری ئێمە پێویستی بەو نەخۆشخانەیە و کەرتی تەندروستی دەچێتە قۆناغێکی نوێوە.
د. شاکر عەبدولعەزیز، بەڕێوەبەری تەندروستیی قەزای ئامێدی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: «ڕێرخانی تەندروستیی ئامێدی پێویستی بە گرینگیدانی زیاتر هەیە و بەهۆی دووری و بەرفراوانیی سنووری قەزای ئامێدییەوە پێویستە نەخۆشخانەی زیاتر بکرێنەوە بۆ چارەسەرکردنی هاووڵاتیان، چونکە ئێستا جگە لە نەخۆشخانەی ئامێدی هیچ نەخۆشخانەیەکی گشتی لە دەڤەری ئێمە نییە.»
بەڕێوەبەری تەندروستیی ئامێدی گوتی: «بڕیارە نەخۆشخانەیەکی سەردەمیانەی گشتی لە ناحیەی شیلادزێی سەر بە ئامێدی دروست بکرێت، چونکە پێش قەیرانی دارایی بڕیاری دروستکردنی دەرچووە و بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایییەوە کاری جێبەجێکردنی دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، چونکە نەخۆشخانەکە 100 تەختی دەبێت و بە شێوەیەکی سەردەمیانە دروست دەکرێت.»



بەنکا خوێنێ داخوازا پلازما خوێنێ ژچارەسەربوویێن کۆرۆنایێ دکەت بو چارەسەریا تووشبوویێن کۆرۆنایێ



لەزگین جوقی ڕێڤەبەریا بەنکا خوێنێ ل دهۆکێ دیارکرکو وەکو دیار ئێك ژ ڕێکێن چارەسەریا نەخۆشیا کۆرۆنایێ وەرگرتنا پلازما خوێنێ یە ژ کەسێن چارەسەربووین ژ نەخۆشیێ. عادل عبدالسلام ڕێڤەبەرێ بەنکا خوێنێ ل دهۆکێ دیارکرکو ژبەر زێدەبوونا هژمارا تووشبوویێن کۆرۆنایێ وەکو خۆ ئامادەکرن بۆ هەر کاودانەکی ئەم وەکو بەنکا خوێنێ داخوازێ ژ خەلکێ خۆ دکەین ئەوێن ژ نەخۆشیا کۆرۆنایێ چارەسەربووین سەرەدانا بەنکا خوێنێ بکەن بۆ بەخشینا پلازما خوێنێ وەکو ئەرکەکێ نیشتمانی وخێرخوازی وخوبەخش ئەو کەسێن 14 ڕۆژ بوربن لسەر چارەسەریا وی کو ئەنجامێن پشکنینێ دگەلدا بن وچ نەخۆشیێن دێ نەبن وەکو نەخۆشێن دومدرێژ ونەخۆشێن ڤەگر و ژیێ وان ناڤبەرا 18 سالی هەتا 65 سالی بیت دشێن قەستا بەنکا خوینێ بکەن بۆ پێشکێشکرنا پلازما خوینێ بۆ چارەسەریا تووشبوویێن کۆرۆنایێ».

هەولێر.. کەسێك بەتۆمەتی کوشتنی هاوسەرەکەی دەستگیر کرا

هێزەکانی پۆلیسی هەولێر دوو کەسیان بەتۆمەتی کوشتن دەستگیر کرد، یەکێك لە تۆمەتبارەکان هاوسەرەکەی کوشتووە.
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرای کرد: «دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی هەولێر بە بوونی تەرمێک لە شارۆچکەی عەنکاوە، بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، تیمێکی لێکۆڵینەوە لە هەریەک لە بەشی نەهێشتنی تاوان و بەشی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و بەشی پۆلیسی عەنکاوە/ بنکەی پۆلیسی حەدیاب و بنکەی پۆلیسی عەنکاوە پێکهێندرا. پاش گەیشتنیان بۆ شوێنی ڕووداوەکە، دەرکەوت ئافرەتێک بەناوی (ز)، تەرمەکەی فڕێدراوە لە شارۆچکەی عەنکاوە، دوای لێکۆڵینەوە، توانرا بە کەمتر لە 7 کاتژمێردا تۆمەتبار بەناوی (ع.س.ن.) سەرەڕای ئەوەی چەندین جار بە چەکی کلاشنکۆف دەستڕێژی گوللەی لە هێزەکانی پۆلیس کرد، بەاڵم توانرا دەستگیر بکرێت و دانی نا بەتاوانەکەیدا کە کوشتنی خێزانی خۆی بوو».
ئاماژە بەوەشکراوە: « تۆمەتبارێکی دیکەی ئەم ڕووداوە دەستگیر بکرێت بەناوی (هـ.م.ح.)، پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕێکخرا و بەپێی ماددە (406) لە یاسای سزادان بەند کران».



ڕووداوێکی هاتووچۆ لەسەر ڕێگای کەسنەزان ڕوویدا و قوربانی لێکەوتەوە

ڕووداوەکە بەهۆی تێزڕۆیی و لەدەستدانی کۆنترۆڵەوە ڕوویداوە

کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە، ڕووداوێکی هاتووچۆ لەسەر ڕێگای کەسنەزان ڕوویدا و بەهۆیەوە کەسێك بریندار بوو. ئۆتۆمۆبێلێکی جۆری بی ئێم دەبلیو لە سەر ڕێگای کەسنەزان - هەولێر بەهۆی تێزڕۆیی خوی کێشا بە ستوونێکی ڕووناکیدا و لە ئەنجامیشدا بە سەختی بریندار بوو.
ئەفسەرێکی هاتووچۆش کە لە شوێنی ڕووداوەکە ئامادەبوو ڕایگەیاند: زۆرێک لەو شوفێرانەی پابەندی ڕێنماییەکانی هاتو چۆ نابن بە داخەوە تووشی ڕووداوی لەو جۆرە دەبن.

ڕێژا پێگیریا وەلاتیان ب ڕێنماییێن ساخلەمیێ بەر ب زێدەبوونێ یە



ئەندامەکێ لیژنا هەڤپشکا دوڤچوونێ ل قایمقامیا قەزا دهۆکێ دیارکرکو ڕێژا پێگیریا وەلاتیان و خودان جهێن کارکرنێ ب بجهئینانا ڕێنماییێن ساخلەمیێ بۆ بەرهەنگاریا ڤایرۆسێ کۆرۆنایێ بەر ب زێدەبوونێ یە نۆکە پتر 85% خەلك و جهێن کارکرنێ پێگیریێ دکەن.
د. کاوار ڕەشید، ئەندامی لیژنا هەفپشکا دوفچوونێ ل قایمقامیا قەزا دهۆکێ دیارکرکو شەڤا بۆری دا مە سەرەدانا 100 جهێن کارکرنێ ل دهۆکێ کر، هەموویان ژی ماسك و دەستکێش بکارئینابوون ڤێ سەرجەمێ سەرەدانا بتنێ سێ حالەت هەبوون پێگیر نەبوون ئەوژی هاتنە سزادان ئەڤە نیشانا هندێ یە پتریا خەلکێ و جهێن کارکرنێ پێگیریێ ب ڕێنماییێن ساخلەمیێ دکەن و خەلك بخۆ فێربووینە ماسك و دەستکێشان بکاردئینن.
ناڤهاتی ئەوژی دیارکرکو پشتی لیژنێن هەفپشك یێن دوفچوونێ چووینە ناڤ بازارێ دهۆکێ دیتن وەلاتیێ بێ ماسك دناڤ بازارێ دا زۆر دکەمن ب ڕێژا ژ85% خەلك پێگیربووینە بجهئینانا ڕێنماییێن ساخلەمیێ بۆ بەرهەنگاریا ڤایرۆسێ کۆرۆنایێ بەر ب زێدەبوونێ یە نۆکە پتر 85% خەلك و جهێن کارکرنێ پێگیریێ دکەن.
د. کاوار ڕەشید، ئەندامی لیژنا هەفپشکا دوفچوونێ ل قایمقامیا قەزا دهۆکێ دیارکرکو شەڤا بۆری دا مە سەرەدانا 100 جهێن کارکرنێ ل دهۆکێ کر، هەموویان ژی ماسك و دەستکێش بکارئینابوون ڤێ سەرجەمێ سەرەدانا بتنێ سێ حالەت هەبوون پێگیر

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێز، عومەر ئەشکەنەیی،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول (حاجی محەمەد ئەشکەنەیی)باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

•••

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو دەرویش محەمەد سەفتی
خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان، کەسایەتی تێکۆشەر و خەباتکار خوالێخۆشبوو (دەرویش محەمەد سەفتی).
بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشییان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەر و نیشتیان پەروەرەکەتان و کەسوکار و هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین.
لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموولایەک ببەخشێت و گیانی هەڤاڵی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات..
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

•••

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو قادر کەریم گەبەیی
خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول خوالێخۆشبوو (قادر کەریم گەبەیی).
بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشییان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەر و نیشتیان پەروەرەکەتان و کەسوکار و هەڤاڵ و ئاشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموولایەک ببەخشێت و گیانی دایکی کۆچکردویشتان بە بەهەشتی بەرین شادبکات..
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

•••

بنەماڵەی بەڕێزی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی ئەحمەد عەزیز
هەواڵی کۆچی دوایی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و ڕۆژنامەنووسی وەرزشی ئەحمەد عەزیز بە کارەساتی ئۆتۆمبێل خەمباری کردین.
ئەحمەد عەزیز ناوبژیوانێکی ناسراوی کوردستان بوو، کە لە سەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەبی ناوبژیوانیی چەندین یاریی نێودەوڵەتیی کردووە و هەمدیس ڕۆژنامەنووسێکی چالاکی بوارەکەی خۆی بووە .
بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- هەوە هاوخەمیی خۆمان دەردەبڕین و لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێزیشەوە پرسە و سەرەخۆشی لە تەواوی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزمان و دۆستان و وەرزشوانان دەکەین.
گیانی خوالێخۆشبوو ئارام، دواخەم و ناخۆشی بێت.
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

لە 50%ـی ئەو کەسانەی لە کۆرۆنا چاکبوونەتەوە پلازمای خوێنیان بەخشیووە

هەڵەبجە.. زیاتر گەنجەکان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و هیچ منداڵێکیش لە نەخۆشخانە نەخەوێندراوە



خەبات - عەلی بانیشاری

ژمارەی تووشبوانی کۆرۆنا لە هەڵەبجە بەراورد بە مانگەکانی پێشوو داکشانی بەخۆیەوە بینیووە، بەڵام هێشتا ڕەوشی تەندروستی شارەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ نەکراوە. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی وەفا بۆ چارەسەری تووشبوانی کۆرۆنا لە هەڵەبجە دەڵێت: خۆپارێزی هاونیشتیمانیان لەو ئاستەدا نییە کە ئێمە چاوەڕێی دەکەین. بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی تائێستا 521 کەس لە پارێزگای هەڵەبجە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.

ئاراس حەمەسەعید، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی وەفا بۆ چارەسەری تووشبوانی کۆرۆنا لە هەڵەبجە بە(خەبات)ـی ڕایگەیاند: ڕەوشی تەندروستی هەڵەبجە لە ئاستێکی مامناوەند دایە و ژمارەی ئەو تووشبوانەی کۆرۆنا کە داخڵی نەخۆشخانە دەکرێن کەمی کردووە، بەڵام تائێستا ڕەوشەکە بە تەواوی کۆنترۆڵ نەکراوەو ڕۆژانە تووشبووی نوێ هەیە.

گوتیشی: لە هەڵەبجە خۆپارێزی هەیە، بەڵام لەو ئاستەدا نییە کە چاوەڕێی دەکەین، ئێمە چاودێری زیاتری ڕەوشی تەندروستی شارەکە دەکەین بۆ ئەوەی زاڵ بین بەسەر ڤایرۆسەکەدا. ئاراس حەمەسەعید ئەوەشی گوت: ئەوانەی داخڵی نەخۆشخانە کراون زیاتر بەتەمەنەکانن، بەڵام بەپێی داتاکان زیاتر چینی گەنجان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. لەبارەی ڕێژەی داخڵبوونی منداڵان لە نەخۆشخانەی وەفا، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت: خۆشبەختانە تائێستا هیچ منداڵێک داخڵی نەخۆشخانەکەمان نەکراوە، خوار 10 ساڵ هیچ نەخۆشێکمان نەبووە. گوتیشی: لە دەرەوەی نەخۆشخانە تووشبوونی منداڵ هەبووە، بەڵام نیشانەکانی سووک بوون.

بەپێی دواییـن ئاماری وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تائێستا 463 تووشبووی کۆرۆنا لە هەڵەبجە چارەسەرکراون و 8 هەڵگری ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە. ڕۆژی پێنجشەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا وەزارەتی تەندروستی هەرێم بڵاویکردەوە لە ماوەی 24 کاتژمێردا 11 کەس لە هەڵەبجە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 13 نەخۆشیش چاکبونەتەوە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە ڕایگەیاندووە، هیچ کەسێك لە هەڵەبجە لە کەرەنتینە نەماوە.

سەبارەت بە قەبارەی هاوکارییەکان بۆ نەخۆشخانەی وەفا، ئاراس حەمەسەعید ئاماژە بۆ ئەوە دەکات تاڕادەیەکی کەم هاوکاری کراون، ئەوەی هەبووە زیاتر خێرخوازی بووە. دەشڵێت: ماوەیەك لەمەوبەر 170 ملیۆن دینار بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ پاریزگای هەڵەبجە تەرخانکراوە. باسی لەوەشکرد لە بودجەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە پشتیوانی کراون. لەبارەی ئەو بڕە هاوکارییەی کە بریار بوو حکوومەتی فەرەنسا پێشکەشی تەندروستی هەڵەبجەی بکات، گوتی: هیچ هاوکارییەك نەگەیشتووەتە دەستیان، جگە لە هاوکاری ڕێکخراوەکان.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی وەفا بۆ چارەسەری تووشبوانی کۆرۆنا لە هەڵەبجە باس لەوەشدەکات لە 50% ئەو کەسانەی لە هەڵەبجە لە کۆرۆنا چاکبوونەتەوە پلازمای خوێنیان بەخشیووە. ئامـاژەی بەوەشدا پێشتر ترس لە خاڵە سنووریەکان هەبوو بۆ ئەوەی خەڵك بەپێی پشکین داخڵ نەبێت و ڤایرۆسەکە تەشەنە نەکات، بەڵام ئێستا نەخۆشییەکە لەناو شاردا بڵاببووەتەوە.

ڕۆژانە 60-25 پشکنینی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگای هەڵەبجە ئەنجام دەدرێت. ئەوانەی پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدرێت لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە دەستنیشان دەکرێن. وەکو بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی وەفا دەڵێت: ئەو کەسەی پێویست نەبێت پشکنینی بۆ ناکرێت. ئاراس حەمەسەعید ئاشکرای دەکات تائێستا 24 کارمەندی تەندروستی لە هەڵەبجە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. ئەوەشی گوت: بەشێك لەو کارمەندانە لە نەخۆشخانە و بەشێکی دیکەیان لە دەرەوە تووشی ڤایرۆسەکە بوون.

بەپێی ئامارەکانی نەخۆشخانەی وەفا بۆ چارەسەری تووشبوانی کۆرۆنا لەئێستادا 13 تووشی کۆرۆنا لە هەڵەبجە لە نەخۆشخانە ماونەتەوە و چاودێری دەکرێن، لەو ژمارەیەش 6 کەسیان لە ژێر ئۆکسجیندان و 4 کەسیشیان لە ژێر چاودێری چڕدان.

دانیشتووانی هەولێر ڕۆژانە 100 کیلۆ زێڕ دەفرۆشنەوە



لە 95%ـی بازاڕی زێڕ کڕینەوەیە و 5%ـی فرۆشتنە

زێڕەنگەڕێک:

تا کاریگەریی پەتای کۆرۆنا بەردەوام بێت، نرخی زێڕ لە بەرزبوونەوە بەردەوام دەبێت

خەبات - هەولێر

کاریگەرییە ئابوورییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر نرخی زێڕ ڕەنگدانەوەی بە ئاشکرا لە بازاڕەکانی جیهاندا دەرکەوتووە، ئێستا بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ بەهایەکی پێوانەیی تۆمارکردووە کە لە مێژوودا هاوشێوەی نەبینراوە.

لە بازاڕی هەرێمی کوردستانیش ڕۆژانە نرخەکەی ڕوو لە هەڵکشان و بەرزبوونەوەیە، ئەمەیش پێچەوانەی قەیرانی دارایی و گرفتی بێ پارەیی خەڵکە، چونکە لە هەموو شتێکدا ئەگەر زەرەرمەند بووبن زێڕەکانیان قەرەبووبان بۆ دەکاتەوە، ئەمە وایکردووە ئێستا بازاڕی فرۆشتنی زێڕ گەرم بێت و خەڵك وەك ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش سەیری بکەن.

بەگوتەی زێڕنگەرانی بازاڕی قەیسەری هەولێر، ئێستا95%ـی بازاڕەکەیان کڕینەوەی زێڕی هاوواڵتیبانە و 5% زێڕ بە خەڵك دەفرۆشن، ئەم دۆخە بازاڕی هاوردەکردنی زێڕی پێچەوانە کردووەتەوە، چونکە ئەوەی لە هاوواڵتیبانی دەکڕن دەینێرنەوە دەرەوەی وڵات کە جاران ئاراستەی مامەڵەکە پێچەوانە بوو.

هۆشیار مەلا یاسین یەکێك لە زێڕنگەڕەکانی ناو بازاڕی قەیسەری هەولێرە و گوتی: هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ لە جیهاندا بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنایە، چونکە گەشتی فڕۆکەخانەکانی ڕاگرتووە بەمەیش هەموو شتێك ڕاوەستاوە لە دنیادا کۆمپانیا گەورەکانی بوارەکانی نەوت، ئۆتۆمبیل، مۆبایل، ئەلیکترۆنیات و ئەو کۆمپانیایانەی کە سەرمایەکەیان بە ملیارەها دۆلارە کاری خۆیان وەستاندووە و لە بۆرسەکاندا دەستیان کردووە بە کڕینی زێڕ، چونکە زێڕ دڵنیایی زیاتری تێدایە و هێزە بۆ بەهادان بە هەموو پارەیەك و بەو مامەڵەیە سەرمایەکانیان دەپارێزن.

ئەو زێڕنگەڕە پێیوابوو بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت و گوتی: هەتاوەکو پەتای کۆرۆنا و کاریگەرییەکانی لەسەر بازاڕ بەردەوام بێت، بەرزبوونەوەی نرخی زێڕیش بەردەوام دەبێت.

ئێستا لە بازاڕدا خەڵکێکی زۆر زێڕەکانیان دەفرۆشن، هۆشیار مەلا یاسین دەربارەی ئەوە دەڵێت: ئەوەی پێویستیان بە پارەی زێڕەکانیان هەیە ئاساییە بیفرۆشن، بۆ نموونە نرخی زەوی و خانووبەرە دابەزیووە و نرخی زێڕ بەرزە، ئەگەر ئەو شتانەی پێ دەکڕن فرۆشتنی قازانجە، بەڵام ئەوەی پارەکەی شتێکی دیکەی پێ ناکڕێت فرۆشتنی هەڵەیە، چونکە ناتوانێت دواتر بەهەمان پارە زێڕ بکڕێتەوە.

گوتیشی: ئەو کەسانەی پارەدارن و دێن لە بازاڕ زێڕ دەکڕن بە ئامانجی قازانج هەڵە دەکەن، چونکە هیچ کەسێك نازانێت تا چ ڕۆژێك بەرزبوونەوەکە بەردەوام دەبێت، هەموو بەرزبوونەوەیەك نزمبوونەوەی لەدوایە کاتێك نرخەکەی دێتە خوارێ زیانێکی گەورە دەکەن، چونکە لەوانەیە دابەزینەکەی خێرا و بە ڕەقەمی گەورەبێت، لەوانەیە لە ڕۆژێکدا 50 بۆ 100 هەزار دینار بێتە خوارێ.

دەربارەی مامەڵەکردن بە زێڕ لە بازاڕدا ئەو زێڕنگەرە دەڵێت: ئێستا لە95% فرۆشتنی زێڕی خەڵکە و لە 5% دەیکڕن و ڕۆژانە بە تەنیا خۆم زیاتر لە دوو کیلۆ زێڕ دەکڕمەوە لە هاوواڵتیان و لە 5%ـی ئەو بڕە دەفرۆشمەوە بە خەڵك، ئەوەی دەشیکڕم ڕاستەوخۆ دەیفرۆشینەوە لە بۆرسەی تورکیا و ڕەوانەی دەرەوەی دەکەین.

بەگوتەی هۆشیار مەلا یاسین ئەو کاتەی بازاڕ ئاسایی بوو مانگانە دوو تۆن تا سێ تۆن زێڕ دەهێنرایە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێستا بازاڕەکە پێچەوانە بووەتەوە و مانگانە دوو تاوەکو سێ تۆن و نیو دەنێرینە دەرەوەی کوردستان و لە بۆرسەی تورکیا دەیفرۆشین و هاوردەکردن بووەتە سفر.

هێدی مەلا یاسین، زێڕنگەڕێکی دیکەیە لە بازاڕی قەیسەری هەولێر، ئەو باسی بازاڕی کڕین و فرۆشتنی زێڕ دەکات لە هەولێر و گوتی: ڕۆژانە بە تەنیا لە دوکانی خۆم نزیکەی دوو کیلۆ زێڕ لە خەڵك دەکڕمەوە و لە بازاڕی هەولێریش بەگشتی زێڕنگەڕان زیاتر لە 100 کیلۆ دەکڕنەوە، بەڵام بە هەموو بازاڕ چوار بۆ پێنج کیلۆ دەفرۆشین ڕۆژانە.

بەگوتەی ئەو زێڕنگەرە ئێستا بەشێك لە خەڵك بەئامانجی قازانجکردن زێڕ دەکڕنەوە و گوتی: هەندێك لە خەڵك بەقەبارەی ئەو پارەیەی لە گیرفانییەتی زێڕ دەکڕێت بە ئامانجی قازانجکردن، بەڵام بەشێك لە سەرمایەداران بەو هۆیەی کارەکانی دیکەیان وەستاوە بە پارەی گەورە زێڕ دەکڕن.

ئەو باسی سەرمایەدارێکی کرد و گوتی: هاوڕێیەکی خۆم سەرمایەدارە، ئەمڕۆ وا خەریکە بە بەهای یەك ملیۆن دۆلار زێڕ دەکڕێت بە ئامانجی قازانج، بەڵام دیار نییە قازانج دەکات یان بەو مامەڵەیە تووشی زیان دەبێت.

هێدی مەلا یاسین گوتیشی: لەو بڕوایەم نرخی یەك مسقاڵ زێڕی عەیاری 21 تاوەکو 400 هەزار دینار بڕوات و بەرزبێتەوە، بەڵام دوای ئەوە ڕوو لە دابەزین دەکات بەتایبەت ئەگەر فڕۆکەخانەکان بکرێنەوە و هاتوچۆ ئاسایی بێتەوە، زێڕ یاسایەکی هەیە کە مامەڵەی زۆری پێوەکرا و هاتوچۆ پێکردنی ئاسایی بووەوە بەهاو نرخەکەی دادەبەزێت.



لە سەد ساڵەی پەیماننانەی (سیڤەر 1920 - 2020)

سەربەخۆیی کوردستان فاکتەری چەسپاندنی ئارامییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



نووسینی : غەفوور مەخموری*

ئەمڕۆ (10 / 8 / 2020) ؛ رۆژێکی گرنگ و دیرۆکییە لە مێژووی گەلی کوردستاندا ، سەد ساڵ بەسەر پەیماننامەی (سیڤەر)دا تێپەڕدەبێت، لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا لە (10 / 8 / 1920) پەیماننامەی سیڤەر مۆرکرا، لەو پەیماننامەیدا کۆمەڵێ ماف کە پەیوەست بوو بەداهاتووی کورد بۆ گەلی کوردستان دیارکرا، بەڵام دواتر پەیماننامەکە وەک خۆی جێبەجێ نەکرا و خەونەکانی لە گەلی کوردستانیش لەباربران، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا و دوای سەد ساڵ کورد بە هیواوە سەیری ئەو پەیماننامەیە دەکەن.

بێگومان بەدرێژایی مێژوو گەلی کوردستان لە خەبات و تێکۆشان و بەرخوداندا بووە لەپێناو وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیدا و، لەهەمان کاتدا لە زۆر لاوەش زوڵمی گەورە لە کورد کراوە، گەورەترین زوڵمی مێژوویش کە لە گەلی کوردستان کرابێت رێکەوتنامەی (سایکس - پیکۆ) بوو لە ساڵی 1916دا، دوای ئەوەی کوردستان لە ئەنجامی شەڕی چالدێران دابەشی سەر هەردوو ئیمراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوەی کرا، جارێکی دیکە و سەرلەنوێ کوردستان بەپێی رێکەوتنامەی (سایکس - پیکۆ) دابەشی سەر (عێراق و تورکیا و سوریا و ئێران) کرا، راستە ئەو ریکەوتنامەیە بۆ دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی ئەو ناوچەیە بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا زوڵمیکی گەورەش بوو لە کورد و گەلی کوردستان کرا، بێگومان گەلی کوردستان هەر لەسەرەتاوە رێکەوتنامەی (سایکس - پیکۆ)ی ڕەتکردەوەو پێی ڕازی نەبوو.

دوای چوار ساڵ لە رێکەوتنامەی (سایکس - پیکۆ) هەوڵێك هاتە ئاراوە کە ئەویش پەیماننامەی (سیڤەر) بوو، بەپێی ئەو پەیماننامەیە لە بەندەکانی (62 و 63 و 64) کۆمەڵێ ماف بۆ گەلی کوردستان دیارکرابوو، بەپێی ئەو پەیماننامەیە دەبوایە دوای ساڵێك گەلی کوردستان وەك هەر گەلێکی دیکەی ناوچەکە خۆی خۆی بەڕێوەببات و، دواتر هەوڵبدات لەسەر خاکی خۆی بینای وڵاتی خۆی بکات و، هەوڵ بدات وەك چۆن لە رابردوودا رۆڵێکی کارای هەبووە لە بیناکردنی شارستانییەتی ناوچەکەدا بەهەمان شێوە لەداهاتوودا رۆڵێك ببینێت لە بیناکردنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام بەداخەوە ئەو پەیماننامەیە جێبەجێنەکرا و، ئەوە لەهەموو مافێکی خۆی بێبەشکراوە و، لەلایەن چوار دەوڵەتی ناوچەکە (عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا) دەچەوسێندرێتەوەو مافەکانی پێشێل دەکرێت، بۆیە لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە جارێکی دیکە هەوڵبدات بۆ زیندووکردنەوەو کاراکردنەوەی پەیماننامەی سیڤەر و، هاوکار بێت بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت.

بۆ زیندووکردنەوەو کاراکردنەوەی پەیماننامەی سیڤەر ؛ ئێمە وەکو گەلی کوردستان پێویستیمان بەوە هەیە کە لە داهاتوویکی نزیکدا بۆردێکمان هەبێت و، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و بەپەلە پێویستە (بۆردی کاراکردنەوەی پەیماننامەی سیڤەر) دابمەزرێنین، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەی ئەو بۆردەوە کاربکەین و جارێکی دیکە ئەو پەیماننامەیە زیندووبکەینەوەو هەوڵبدەین لەو ڕێگەیەوە داوای مافە ڕەواکانی خۆمان بکەین، بۆئەمەش پێویستە هەرسێ مادەی (62 و 63 و 64) ی پەیماننامەی سیڤەر کارا بکەینەوەو بەپێی ئەو مادانە داوای مافە ڕەواکانی خۆمان بکەین، لەو پێناوەشدا پێویستە هەموو تاکێکی کوردستان بەو ئاراستەیە کاربکات، لەهەمان کاتدا پێویستە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بزاڤێکی خورت بکەین، بۆئەوەی بتوانین کاریگەریان لەسەر ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی ئەمریکا و ئەورووپا و وڵاتانی دیکەش هەبێت، لەم ڕووەوە ڕەفەندی کورد دەتوانێت ڕۆلێکی کارا بگێڕێت، لێرەوە داوا دەکەین کەوا ڕەفەندی کورد زیاتر ڕێکبخرێت و بەشێوەیەکی ئۆرگانیزەکراو ئاڕاستەی کارو خەبات بکرێت، هەروەها لەناوخۆی کوردستانیش پێویستە هەموومان پێکەوە هەوڵبدەین و بەو ئاراستەیە کاربکەین، لەبەرئەوەی زیندووکردنەوەی پەیماننامەی (سیڤەر) هۆکارێکی گرنگ دەبێت بۆ نزیکبوونەوەمان لە گەیشتن بە مافە ڕەواکانمان.

*سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتیی کوردستان YNDK



هەموو ناوچەکە هێمنی و ئارامی بەخۆیەوە نەبینێت و شەڕو خوێنڕشتن لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا درێژەی هەبێت، جێبەجێکردنی پەیماننامەی (سیڤەر) فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و هێمنی و ئارامی لە رۆژهەڵاتی ناڤین و بگرە جیهانیشدا، بێگومان پێویستە هەموو لایەک ئەو ڕاستییە بزانن کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و گەیشتنی گەلی کوردستان بەمافە ڕەواکانی خۆی گەورەترین فاکتەری چەسپاندنی هێمنی و ئارامییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، تەنها و تەنها لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێ ئەو هێمنی و ئارامییەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەیخوازێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بچەسپێ و وەدەست بهێنرێت، واتە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان فاکتەری چەسپاندنی ئاشتی و ئارامییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەگەر ئێمە تێبینی بکەین دەبینین کە ئەو پەیماننامە گرنگەی سیڤەر جێبەجێ نەکراوە، ئەوە هۆکاری سەرەکی بووە کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین هێمنی و ئارامی بەخۆیەوە نەبینێت، ئەمەش شەرمەزاریەکی گەورەیە بۆ تەواوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە ئەمڕۆ نەتەوەیەکی زیاتر لە (50) ملیۆن مرۆڤ





بۆ مستەفا کازمی..
لەسەروبەندی سەردانی ئەمریکای گوێت لێ بوو غەریبە خیرۆ چی گوت؟!

د.محمد خدرمولود

غەریبە خێرۆ ئەو کچۆڵە ئێزدییە تەمەن شەش ساڵانەکەی دانیشتووی ئەو سەرکورسییەت.. کورسی سەرۆك وەزیرانی عێراق ، کورسی پێشووی سەدام حوسێن و دەسەڵاتی تازەی حکومەتی عێراق لە 2003 بەدواوە. بەڕێز کازمی.. گوێت لێ بوو،بە سانایی و بێ گوێدان و بەبایەخ وەرگرتنی چاوی میدکان،راشکاو، ساکار، بێ ترس وبوێرانە وکوردانە لەسەر کورسییەکەی تۆدانیشتبوو و گوتی:«غەریبی بابم دەکەم .. غەریبی شنگال دەکەم».

غەریبە ، ئەو پەپولەیە ، ئەوفریشتەیە،لەروخسارو گفت ولوتفی دا فیردەوسییە .

ئەو لەدایك بوو وگەورەبووی سەردەمی وەحشیگەرایی ومرۆڤ کوژانی داعش وماعشەکانە.

لەدەیان بەڵگەی دیکەی زیندووی بینراوبیستراوخوێندراودا، غەیبە ، هەڵگری کارەساتی قێزەونی هەرەکرێت وناشیرینی جینۆسایدی ئێزیدییەکانە.

بەڕێز کازمی... لە ئاست ئەو دیمەن و قسانەی غەریبەدا مرۆڤایەتی گەر لەسیاسەتدا بوونی هەبێ و مابێت هەست بەشەرمەزاری و دارزان دەکات و کورسی دەسەڵاتداران دێنێتە لەرزین. ئەو رۆژە دیمەنەکانی غەریبە چەندە مەزن و پڕ بەها بوو، حکومەت و دەسەڵاتیش چەندە بچووك و بێ بەها بوون .

بەڕێز کازمی .. هەر مرۆڤە ، چ بچووك چ گەورە ، چ بەتاك چ بەکۆ ، بەها و مەزنی بە دەسەڵات دەبەخشێ و هەر مرۆڤیشە دەسەڵات و حوکمداری لە بەهاو مەزنێتییەکانی حوکمڕانی دادەشۆرێت و دەمامکیان لەروخساردایێ فرێ دەدا و روخساری راستەقیەی شۆڤێنییەت و دیکتاتۆرییانەی دەسەڵاتیان بۆ خەڵك و خوا ، بۆ مێژوو ، پێ فڕێدەداتە نێو زبڵدان و ڕووی راستەقینەیان لەتوورەگە دەنێ .

بەڕێز مستەفا کازمی .. گوێت لێ بوو غەریبە خەیرۆی ئێزیدی ، میوانی ئەو سەرکورسیەت، کورسی سەرۆك وەزیرانی وڵاتی بەناو عێراق، لەبەغدا چی گوت؟!

گوتی : «من غەریبە خەیرۆ ئێزیدیم ، کە باوکم جینۆساید کرا، بەدەستی داعش و چاوساخی ماعشەکان، لە دەرەوەی شنگال لەدایك بووم ، لەکەمپ ، لە ئاوارەیی ،من غەریبی

باوکم دەکەم .باوکم واتە هەموو ئێزیدی، واتە ئێزیدیخان،واتە شەرەفەدین ،واتە لالش ، واتە کوردایەتی وممەردایەتی، واتە نیشتیمانی من شنگال،واتە کوردستان .

بەڕێز مستەفا کازمی.. حاڵی بووی لە غەریبە خەیرۆ .. ؟ گوێت لێ بوو چی گوت؟!.

گوتی: «غەریبی باوکم دەکەم، مافی جینۆسایدکردنی باوکمم دەوێ». ئەو مافە لە ئەستۆی ئێوەیە . لە ئەستۆی دەسەڵاتدارەتی بەغداو حوکمداریەتیەکەیەتی تا ئەو کەسییە بجولێنێ وبە نێو دەوڵەتی بکات . نەك بەخەمساردی وبێ باك وکەمتەرخەم خۆی لەبەرامبەردا بنوێنێ و بۆ چاوی میدیاکانیش هەر تەنیا سەڵامە یادی بکاتەوە .

بەڕێز مستەفا کازمی .. بەڕێزتان و هێزی هاوپەیمانانی شەڕی داعشیش، لەوانەش ئەمریکای بەڕێزان ئۆباما و دۆنالد تڕەمپ... قارەمانیەتی و فریادڕەسی سەرۆك بارزانی و پێشمەگەی ئەفسانە و تەلیسم شکێنەکانی کوردستانیشتان لەبیرە کەچۆن شنگالیان ئازاد کرد و دواتریش ئەوەی کرا کردیان لە ئازدکردنی رفێنراوەکان. بەڕێز کازمی.. ئەڕێ بەراست مەرگەساتی جینۆسایدی ئێزیدییەکانتان دێتەوە پێش چاو ..؟


ئەی سەرۆك وەزیرانی پێشوو و پێشووتری عێراق ئەو کارەساتەیان لەبیرە و دێتەوە پێش چاویان..؟ ، خۆ هیچی لەکەوتنی نەنەوا کەمتر نەبوو ..؟!

گەر نا، خۆ وا دەیان وسەدان بەڵگە ودیکۆمێنتی بینراو و بیستراو و خوێنراو لەبەردەستن .

بە بەرچاوی بەغداوە بوو کەشنگال وئێزیدییەکان بەورزالەتەوە جینۆسایدو قەتلوعام ورەشبگیری کران. ئێوەی بەڕێز گەرئەوسا بەرپرسی یەکەمی ئەم تاوانە قێزەونە درندانە، نامرۆڤانیەش نەبن، خۆ میراتگرەوەن، لەسەر کورسی دەسەڵاتداریەت وحوکمداریەتی عێراق دانیشتوون .


بەڕێز مستەفا کازمی ..تۆی دانیشتووی سەرکورسی دەسەڵاتداریەتی بەغدای، بۆئەوەی جیاوازیبیت لەوانی پێشووت، لەوانەی بەر 2003 و دوای 2003یش دەبێ ئەوەی بۆ چاوی کامیراو میدیاکان نمایشی دەکەیت، دەبێ بەکردار لەواری واقیعدا، بەدەستوور و پرەنسیپەکان پیادەی بکەیت. دەنا ئەو کورسییەی بەغدا، کە دوێنێ بەشێوەی کاتی غەریبە خەیرۆی ئێزیدی لەسەری دانیشت ولەماوەی دانیشتنیشی دا هیچ (فرمان و بریاری دەرنەکرد و دەسەڵات و حوکمی سەرۆك وەزیرانیشی پیادەنەکرد) ، سبەی یەکی تر لەسەری دادەنیشێ و کوردستانیش سەرۆك وەزیران لەدوای سەرۆك وەزیرانی عێراق بەرێدەکا و حکومەت دەوای حکومەت لەبەغدا غلۆردەکاتەوە وئەم بەو دەسپێڕێ و ئەوی تریش بەوی دیکە.

لێرەش لەکوردستاندا، لەهەولێری پایتەخت و دێرین و مێژوو وخودان بڕیاردا، چرای رۆناکی،چرای ئاوەدانی و چرای پێکەوەژیان وشارستانی،چرای پێشکەوتن وسەرفرازی وسەربەخۆیی، بەهێمنی،بە شێنەی تاریکی دەوروبەر دەڕەوێنێ و هەر بەئامانج و مەبەستی خۆی دەگات.



74 سـمین سالّیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
٦ی ئاب ١٩٤٦ - ٦ی ئاب ٢٠٢٠

پارتی ئەو حزبەی هەمیشە پێشڕەوە



کاروان محەمەد سینو
(بەشی یەکەم)

پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم بەپێی (ڕێکەوتنامەی ڤەرسای لە 28ی حوزەیرانی 1919) و ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پاش ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی لۆزان لە24ی تەموزی 1923)، ئینجا هاوکات لەگەڵ بونیاتنانی کۆماری تورکیا لە 29ی ئۆکتۆبەر 1923، گەل و میللەتانی کەتەوکات کەچوارچێوەی سنوور و ژێر ركێفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون(وەکو زۆربەی وڵاتانی عەرەب) داوای ماف و ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان کرد. هەڵبەت کوردیش وەکو میللەتێکی خاوەن خاك و گەل و زمان و کەلتوری تایبەت بەخۆی، داوای ئازادی و سەربەخۆیی کرد. لەم سەروبەندەدا و لەمیانەی پەیانی (سیڤەر) کەلە 10ی ئابی 1920 لە نێوان وڵاتانی براوەی جەنگی جیهانی یەکەم و وڵاتانی دۆڕاوی جەنگەکە (ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی و ئیمپراتۆریەتی نەمسا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) ئیمزاکرا، بەپێی بەندی 62 و 64ی پەیانی (سیڤەر) مافی سەربەخۆیی درایە میللەتی کورد کە ریفراندۆم ئەنجام بدەن و داوای سەربەخۆی خۆیان بکەن. بەڵام مشتومڕی لایەنەکانی پەیمانی(سیڤەر) و سازانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێگەی سیاسی و ئابووری و سەربازی خۆیان، مافی میللەتی کورد کرایە کارتی گوشار و سازان لە نێو خۆیان و دواجار لە ئیمزاکرادنی پەیانی (لۆزان 24ی تەموزی 1923) وڵاتانی زلهێزی جیهان و لایەنەکان پاشگەز بونەوە لەو مافەی کورد کە لەپەیانی (سیڤەر)دا دەستەبەر ببوو. لایەنەکان هەر بەمەش نەوەستان بەڵکو داواتر لەڕێکەوتنامەیەکی نهێنیدا (سایکس پیکۆ) تەواوی خاکی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی (عێراق و ئیران و تورکیا و سوریا) دابەشکرد. بەڵام ئازادی خواز و سەربەخۆ خوازانی کورد هەرگیز ملکەچی ئەم واقیعەی جیهان نەبوون و هەرلە سەرەتاوە خەبات و شۆڕش دژ بەم واقیعە سەپێنراوە دەستی پێکرد. هەڵبەت بروسکەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە بەهاری 1907 بۆ (باب ئەل عالی) دەوڵەتی عوسمانی لە (ئوستانە) و شەڕی شێخ ئەبدولسەلام بارزانی دژی (نەفیرعامی) دەوڵەتی عوسمانی بەسەرۆکایەتی (محەمەد فازل پاشا داغستانی کۆتای سالّی 1907) و شۆڕشەکانی شێخ سعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید و شۆرشی یەکەمی بارزان لە 9ی کانونی یەکەم 1931و شۆڕشی دووەمی بارزان لە2ی ئۆکتۆبەری1943 و بۆردۆمانکرد بارزان لەلایەن فڕۆکەکانی ئیستیعماری بریتانی و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد و هەڵکردنی شۆڕش ئەیلوول و گوڵان، ئەمانە چەند نمونەیەکن لە شۆڕش و بەرخودان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی میللەتی کورد.

1ـ شێخ لەتیف شێخ مەحمود وەکو جێگری یەکەمی سەرۆك دیاری بکرێ.

2 ـ کاکە محەمەد زیاد وەکو جێگری دووەم دیاری بکرێ.

3 ـ تاکو ماوەیەکی پێویست گۆڕانکاری لە پەیڕە و پڕوگرامی ناوخۆی پارتی نەکرێ.

4 ـ بۆماوەیەکی کاتی و تاوەکو بناغەی پارتی تەواو لە باشوری کوردستان جێگیر و خۆرسك دەبێت، هێڕش نەکرێتە سەر بەرژەوەندییەکانی (بەریتانیا) بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە پارتی و کادیرەکانی نەکەونە بەر هەڕەشەی گرتن و ڕاوەدوونان.

بەم شێوەیە لە کۆتایی بەهاری سالّی 1946 حەمزە عەبدوڵڵا گەیشتە باشوری کوردستان و (بەغدا) و لەسەر ڕاسپاردەی مستەفا بارزانی پەیوەندی کرد بە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و لە ئەنجامدا هەریەکە لە سەرکردایەتی حزبی (شۆڕش و رزگاری) ڕەزامەندی خۆیان نیشاندا بە وەی هەردوو حزبەکە لەنێو (پارتی)دا بتوێننەوە، بەڵام پاش ئەوەی هەریەکەیان کۆنگرەیەك ببەستێ و هەڵوێستی خۆیان ئاگادار بکەنەوە. لەدەسپێکی مانگی ئاب 1946 هەردووکیان کۆنگرەی خۆیان گرێدا و لە هەردوو کۆنگرەکەدا زۆرینەی هەرەزۆری بەشداربووان ڕەزامەندییاندا کە هەردوو حزبەکە (شۆڕش و رزگاری) لە نێو (پارتی)دا بتوێننەوە و پارتیکی پێشەڕە و شۆڕشگێر بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی دابمەزرێت.

بەم شێوەیە لە ڕۆژی 16ی ئاب1946 لە شاری (بەغدا) گەڕەکی (ئەل ئەعزەمییە) شەقامی (نەجیب) لە مالّی (سەعید فەهیم حەویزی) بە بەشدار بوونی 70 ئەندام یەکەم کۆنگرە(کۆنگرەی دامەزراندی پارتی) ئەنجامدار و ناونرا (پارتی دیموکراتی کورد) و جەنابی مەلا مستەفا بارزانی وەکو سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا و پەیڕە و پڕوکرامی ناوخۆی پارتی دیاری کرا. بۆیە ئەم ڕۆژە 16ی ئاب ڕۆژێکی شکۆمەند و ڕۆشەن و نەمرە لە مێژووی گەلەکەمانەدا، ڕۆژی لەدایك بوونی پارتیمانە پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەوەتەی مێژووی بزاڤی رزگاری خوازی کورد دەستی پێکردووە تاکو ئەمڕۆ، بنەماڵەی بارزانی ڕابەر و سەرکێش و فیداکاری ئەم بزاڤە بوونە. هەر لە ڕۆژی 16ی ئابی 1946 تاکو ئەمڕۆ پارتیمان و بنەماڵەی بارزانی نەمر ڕابەر و پێشڕە و فیداکاری بزاڤی رزگاریخوازی میللەتەکەمانن. ئەمە کورتەیك بوو لە بارودۆخ و هەلومەرج و چۆنیەتی دامەزراندنی پارتیمان بەر لە 74ساڵ لەمەوپێش. لێرەدا پیرۆزبای لە خومان و یەکە یەکەی کادیرانی پارتی

هەلومەرج و بارودۆخی دامەزراندی پارتی

لەم بارۆخەدا ساڵی 1945 کاتێك جەنابی مستەفا بارزانی و بارزانییەکان چووبوونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشدار و هەماهەنگ بوون لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان22ی کانوونی دووەم 1946 لە مهاباد. هەر ساڵی 1946 دوابەدوای دیراسەکردنی باردۆخی سیاسی و عەسکەری تەواوی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و دەڤەرەکە و کوردستان، جەنابی مستەفا بارزانی گەیشتە ئەو ئەو ڕاستییەی کە پێویستە بزاڤی رزگاری خوازی کورد لە چوارچێوەی خێڵ و هۆز و عەشیرەت دەبچێت و پێویستە حزبێکی سیاسی تەواو چین و تویژ و ڕۆشنبیرانی کورد لە خۆی کۆبکاتەوە ڕابەرایەتی میللەتی کورد بکات بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی. ئەو حزبەش پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە گوشاوی هزری جەنابی مستەفا بارزانی بوو وەکو حزبێکی سیاسی ڕێکخراو و شۆڕشگێری هاوچەرخ و پێویست لەو قۆناغەدا. بەرلەوەی مستەفا بارزانی وپیاوی چەکدار و ژن و منداڵی بارزانییەکان بچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،مستەفا بارزانی ڕێکخراوێکی سیاسی عەسکەر چەکدار پێکهێنابوو لە(15ی کانونی دووەم 1945 بە ناوی (لیژنەی ئازادی) کە جەنابی مستەفا بارزانی سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە بوو و هەریەکە لە چوار ئەفسەر (عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و خەیرولّلا عەبدورلکەریم و محەمەد قودسی و میرحاج ئەحمەد) و چەند ئەفسەرێکی دکیکە) ئەندامی لیژنەکە بوون و پەیوەندییان هەبوو بە حزبی (هیوا) و بریاربوو حزبی هیوا بارەگای خۆی لە بەغداوە بگوازێتە بارزان.



شێخ لەتیف شێخ مەحمود حەفید



حەمزە عەبدوڵڵا

کاتێك بیرۆکە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هزری مستەفا بارزانیدا گەڵاڵەبوو، هەروەها نەخشەڕێگای پەیڕەو و پڕوگرام و هەیکەلی پارتی و سنوری چالاکی پارتی لای مستەفا بارزانی بوونیان هەبوو. بۆیە لە کۆتای مانگی شوباتی 1946 جەنابی مستەفا بارزانی لەگەل هەڤالانی (لیژنەی ئازادی) کۆبوونەوەیان کە پێك هاتبوون لە هەریەکە لە (پاریزەر حەمزە عەبدوڵڵا و نەقیب میرحاج ئەحمەد و عەقیدی روکن عیزەت عەبدولعەزیز و نەقیب مستەفا خۆشناو و نەقیب خەیرولّلا عەبدولکەریم و ملازم محەمەد مەحمود قودسی و ملازم نوری ئەحمەد تەها). لەم کۆبوونەوەیەدا بەردی بناغەی (پارتی) دانرا و دواتر ناونرا بە(پارتی دیموکراتی کورد) و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیاری کرا و مستەفا بارزانی وەکو سەرۆکی پارتی هەڵبژێرا. ئینجا بڕیاردا کە پاریزەر حەمزە عەبدوڵڵا بنێردرێتە عێراق (بەغدا) بۆ ئەوەی پەیوەندی بە سەرکردەکانی حزب و ڕێکخراوە کوردییە سیاسییەکان بکات، وەکو(حزبی شۆڕش و رزگاری و...هتد)، هەروەها حەمزەعەبدوڵڵا لە لایەن مستەفا بارزانییەوە هەموو دەسەڵاتێکی پێدارابوو کە نوێنەرایەتی بارزانی بکات و بارزانی چەند ڕاسپاردەیەکی دیکەی بە حەمزە عەبدوڵڵا دابوو کە:



جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی لەگەل ژمارەیەک ئەفسەرانی (لیژنەی ئازادی) ڕۆژهەڵاتی کوردستان-مهاباد 1946
وەستاو لە دواوە لە ڕاستەوە بۆچەپ/ محەمەد مەحود قودسی، عەقید روکن عیزەت عەبدولعەزیز، خەیرولّلا عەبدولکەریم، عەبدولڕەحمان موفتی).
لە ئەرشیفی/ کاروان محەمەد سینو



ئەو خانوەی کە کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی پارتی دیموکرای کوردستان تێیدا ئەنجامدرا لە 16ئاب1946
مالّی سەعید فەهیم حەویزی، بەغدا گەڕەکی ئەل ئەعزەمییە شەقامی نەجیب - لە ئەرشیفی/ کاروان محەمەد سینو

بە سەرکردەکانی حزب و ڕێکخراوە کوردییە سیاسییەکان بکات، وەکو(حزبی شۆڕش و رزگاری و...هتد)، هەروەها حەمزەعەبدوڵڵا لە لایەن مستەفا بارزانییەوە هەموو دەسەڵاتێکی پێدارابوو کە نوێنەرایەتی بارزانی بکات و بارزانی چەند ڕاسپاردەیەکی دیکەی بە حەمزە عەبدوڵڵا دابوو کە:

دیموکراتی کوردستان دەکەم، پیرۆزبایی و ڕێز و نوازش بۆ ڕابەرمان مسعود بارزانی و تەواوی سەرکردایەتی پارتیمان. سەری ڕێز و نوازش دەنوێنین بۆ شەهیدانی پارتی و ڕێبازی بارزانی لەسەرووبانەوە مستەفا بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەردەم لەیاد.

وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگەی فەرماندەی گەرمیان بەناوی ناوشیروان نصرالدین عباس وون بووە هەرکەسێ دۆزییەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

فقدان

هویە العسکریە من وزارة الداخلیە العراقیە رقم الهویە ١٣٥٧٨٥٠ اسم ملازم الثانی/ امیرخان غازی نورالدین خورشید وون بووە هەرکەسێ دۆزییەوە بیداتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی دەشتی هەولێر
هۆبەی تۆمارکردنی ئامێرەکان
بەپێی داواکار (عبدالله حسین حزرت) و سکاڵای لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٨ دەربارەی ئەو ئامێرانەی پەیوەستدارە بەخۆی بۆ ئەم مەبەستە سەرۆك و ئەندامانی لێژنە لەگەڵ فەرمانبەری تایبەتمەند چووین بۆ جێگای ئامێرەکان لە (ناوچەی پیشەسازی کەسنەزان) پشکنینی ئامێرەکانمان کردووە ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەرکەوت.
دادنووس/ مسعود سلیمان علی
ئامێرەکان:
١- ئامێری هیتەر (بۆ تواندنەوەی مەواد) بێ ژمارە دروستکراوی/ سینی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای A٤٠.
٣- ئامێری ساردکردنەوە (بۆ ساردکردنەوەی بۆری) بێ ژمارە دروستکراوی/ سینی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای A١٢٠.
٢- ئامێری قالب (بۆ قالب دەرچواندن) بێ ژمارە دروستکراوی/ سینی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای A٤٠.
٣- ئامێری ساردکردنەوە (بۆ ساردکردنەوەی بۆری) بێ ژمارە دروستکراوی/ سینی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای A٢٥.
٤- ئامێری فاکیۆم (بۆ پاراستنی بۆری) بێ ژمارە دروستکراوی/ سینی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای A٢٥.
٥- ئامێری نوسین (بۆ نوسین لەسەر بۆری) بێ ژمارە دروستکراوی/ سینی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای A٥.
٦- ئامێری بڕین (بۆ بڕینی بۆری) بێ ژمارە دروستکراوی/ سینی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای A٥.
٧- ئامێری عەجانە (بۆ لێکدانی مەواد) بێ ژمارە دروستکراوی/ سینی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای A١٢.
٨- ئامێری لەفکردن (بۆ لەفکردنی بۆری) بێ ژمارە دروستکراوی/ سینی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای A١٠.
٩- ئامێری کۆمپرێسەر (بۆ پاڵەپەستۆی هەوا) بێ ژمارە دروستکراوی/ سینی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای A٣٥.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی دەشتی هەولێر
هۆبەی تۆمارکردنی ئامێرەکان
بەپێی داواکار (راشد حسین محمد) و سکاڵای لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٨ دەربارەی ئەو ئامێرانەی پەیوەستدارە بەخۆی بۆ ئەم مەبەستە سەرۆك و ئەندامانی لێژنە لەگەڵ فەرمانبەری تایبەتمەند چووین بۆ جێگای ئامێرەکان لە (ناوچەی پیشەسازی کەسنەزان) پشکنینی ئامێرەکانمان کردووە ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەرکەوت.
دادنووس/ مسعود سلیمان علی
ئامێرەکان:
١- کابیسەی شتایگەر و کریستۆن (بۆ قالب و دەرچواندن) بێ ژمارە دروستکراوی/ ئەلمانی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای K.V١٨.
٢- کابیسەی بلۆك (بۆ قالب دەرچواندن) بێ ژمارە دروستکراوی/ ئەلمانی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای K.V١٨.
٣- غەباتەی مەرکەزی (بۆ لێکدان و تێکەڵکردنی مەواد) بێ ژمارە دروستکراوی/ ئەلمانی مۆدێل ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای K.V٢٠.
٤- کۆمپرێسەر (بۆ پاڵەپەستۆی هەوا) بێ ژمارە دروستکراوی/ ئەلمانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای A٢٠.
٥- رافیعە (بۆ بلندکردنی مەواد) بێ ژمارە دروستکراوی/ صینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی گاز.

* * *

سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقورنە
یاسا/ بەکرێدان

ژمارە: ١٠٦٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٥

ئاگاداری

ئاماژە بەنووسراوی بەرێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی راپەڕین بەژمارە (١٥٧٩) لە (٢٠٢٠/٧/٢٩) سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقورنە ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتیانی شارۆچکەی چوارقورنە و دەوروبەری دەکات کە شارەوانیمان هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ مەبەستی بەکرێدانی زەوی ژمارە (٧/٣٤٣٨) کەرتی ٢٣ی چوارقورنە کە پێشنیارکراوە بۆ دروستکردنی پرۆژەی (بینای بازرگانی) بەڕووبەری (٣٧٥,٦٥) م٢ بەپێی یاسای (٣٢) ساڵی (١٩٨٦) بەشێوەی مزایدە بۆ ماوەی (١٤) ساڵ، بۆیە هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە (١٥) پانزە رۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی لەبینای سەرۆکایەتی شارەوانی چوارقورنە لە ناو کۆمەڵگای فەرمانگەکان ئامادەبێت وە بارمتەی یاسای ٢٠٪ی نرخی خەمڵێندراو لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت هەروەها دوای ئەنجامدانی گرێبەست هەر (٣) ساڵ جارێك چاو ئەخشێنرێتەوە بە خەمڵاندنی زەوی مساطحە کە.

سواره فتاح سلیمان
سەرۆکی شارەوانی چوارقورنە

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٤٠٦٣
رێکەوت/٢٠٢٠/٨/٦
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٩٩١/٣٥٩ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار سیروان محمدامین شهاب کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی کارزان مغدید کانبی بەبڕی/ ٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزووی هەبێت ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ ٩٩١/٣٥٩ ك ٤٥ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی بەتاڵ
٥ – رووبەرەکەی/ ٢,٧,٩,١٤ ٢ دۆنم و ٧ ئۆلك و ٩ متر و ١٤ سم
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ زەوی بەتاڵ
٨ – نرخی قرساو/ ٣,٣٣٢,٢٤٢,٠٠٠ سێ ملیار و سێ سەدو سی و دوو ملیۆن و دوو سەدو چل و دوو هەزار دینار.

* * *

بەڕێوەبەری ئاوی دەوروبەری هەولێر
هۆبەی کارگێڕی
ژمارە: ٨٠٢/ ١٤٨٢
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢١
بۆ بەڕێز/ کاروان انوەر مصطفی (نووسەر)
ئاگاداری
لەبەر پابەندنەبوونت بەدەوامی ئاسایی لەرێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٢١) وە دابرانت لە دەوامی ئاسایی بەبێ هۆ ئاگادارت دەکەینەوە بەدەست بەکاربوونت لەماوەی ٧ رۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بێت وە ماوەی ١ یەك مانگ لەدەرەوەی هەرێم بێت بەپێچەوانەوە (بەدوور خراوە) دادنرێت بەپێی برگەی (١) لەمادەی (٣٧)ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) لەساڵی ١٩٦٠
بەڕێوەبەر/ ریزان سعدی عزیز

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٢٢٩٧/ب/٢٠١٩/٤
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (خۆشی جوهر طه)
داواکار (عبدالباقی اسماعیل محمد) داوای ژمارە ٢٢٩٧/ب/٢٠١٩/٤ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی/ گوندی ایطالی) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی ٢٠٢٠/٨/٣٠ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.
دادوەر/ کاوه صدیق حسین

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ١٨ / م / ٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٩
جاردان
بۆ داوالێکراو/ لیلی توما شابو
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (سمیر دنحا یلدا) داوای ژمارە ١٨ / م / ٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (تصدیق طلاق) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی کاریز بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ دەربچێت بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٩/٦ کاتژمێر ٩ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٤٠٩٣
رێکەوت/٢٠٢٠/٨/٩
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١/٢٠٤ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ١- پروین مصطفی داود ٢- (احمد و علی) میراتگرانی (جوامێر خلقی) کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی سوسن سلطان عبدالله بەبڕی/ ١٢٠,٢٥٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٧) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ ١/٢٠٤ ك ٤٥ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ نازادی - هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ پێك دێت لە دوو خانوو، خانووی یەکەم هۆل ژوور و ناندین و حمام و مرافق لە خوارەوە دوو ژوور حمام مرافق لەسەرەوە لەبلۆك کۆنکریت پێك دێ خانووی قەرزار لە دوو ژوورو مطبخ و حمام و مرافق لە خوارەوە سێ ژوور لە سەرەوە مرافق و حمام
٥ – رووبەرەکەی/ ٣٠٥م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١٦٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٤/٣٠٤١
رێکەوت: ٢٠٢٠/٨/٩
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٤/٣٠٤١) (کەل و پەل و ئامێری کارگەی رێباز غفور اسماعیل کە هاوپێچ)ی قەرزار (رێباز غفور اسماعیل) بەلێك زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (لقمان عبدالقادر نجم) کە بڕی ٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (٧) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و نرخی بەبڕی (١٦٩,٥٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار قرساوە.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
لیستی خەملاندنی نرخی بەشەکانی کارگە
١- بابەتەکان/ ئامێری دروستکردنی سوندە دروستکراوی/ تورکی مۆدێل/ ٢٠١٣ توانای کارەبایی/ ٨٦ کیلۆوات تێکرای نرخی خەمڵێندار/ ٤٥٠٠٠٠٠٠.
٢- بابەتەکان/ دووانە ئامێری ساردکردنەوەی سوندە دروستکراوی/ تورکی مۆدێل/ ٢٠١٣ توانای کارەبایی/ ٣٠ کیلۆوات تێکرای نرخی خەمڵێندار/ ٢٠٠٠٠٠٠٠.
٣- بابەتەکان/ ئامێری لێدانی مارکە دروستکراوی/ تورکی مۆدێل/ ٢٠١٣ تێکرای نرخی خەمڵێندار/ ١٠٠٠٠٠٠٠.
٤- بابەتەکان/ ئامێری راکێشانی سوندە دروستکراوی/ تورکی مۆدێل/ ٢٠١٣ توانای کارەبایی/ ٧ کیلۆوات تێکرای نرخی خەمڵێندار/ ٢٠٠٠٠٠٠٠.
٥- بابەتەکان/ ئامێری برینی سوندە دروستکراوی/ تورکی مۆدێل/ ٢٠١٣ توانای کارەبایی/ ٣,٢ کیلۆوات تێکرای نرخی خەمڵێندار/ ١٥٠٠٠٠٠٠.
٦- بابەتەکان/ ئامێری خرکردنەوەی سوندە (کردنە تۆپ) دروستکراوی/ تورکی مۆدێل/ ٢٠١٣ توانای کارەبایی/ ٧ کیلۆوات تێکرای نرخی خەمڵێندار/ ٢٠٠٠٠٠٠٠.
٧- بابەتەکان/ ئامێری وردکردنی مەواد دروستکراوی/ تورکی مۆدێل/ ٢٠١٢ توانای کارەبایی/ ١٥ کیلۆوات تێکرای نرخی خەمڵێندار/ ٨٠٠٠٠٠٠.
٨- بابەتەکان/ ئامێری ساردکردنەوەی ئاو (براد) دروستکراوی/ تورکی مۆدێل/ ٢٠١٢ توانای کارەبایی/ ١٦٢ کیلۆوات تێکرای نرخی خەمڵێندار/ ٢٤٠٠٠٠٠٠.
٩- بابەتەکان/ ئامێری ترومپای ئاو دروستکراوی/ تورکی مۆدێل/ ٢٠١٢ توانای کارەبایی/ ١٠ کیلۆوات تێکرای نرخی خەمڵێندار/ ٥٠٠٠٠٠.
١٠- بابەتەکان/ ئامێری رافعە (توانای بەرزکردنەوەی ٣ تەن) (GOODSENSE) دروستکراوی/ سینی مۆدێل/ ٢٠١٢ توانای تێکرای نرخی خەمڵێندار/ ٧٠٠٠٠٠٠.
کۆی گشتی بری پارەی خەمڵێندراو / ١٦٩٥٠٠٠٠٠

* * *

دادگای بەرایی سلێمانی / ١
ژمارە : ٣٠٨٢ / ب / ٢٠١٩
بەروار : ١٥ / ٧ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
داواکار : شاخەوان یاسین رحیم بریکارەکەی دیار محمد علی
بۆ داوالەسەرکراوان : ١ - رێباز یاسین رحیم ٢ - دلێر یاسین رحیم
ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/١٤ بڕیارێکی دەرکردووە بە پێدانی بڕی (٢٦٩٧٠٠) دوو سەد و شەست و نۆ هەزار و حەوت سەد دۆلاری ئەمریکی لەلایەن هەردووکتان بیدەن بە داواکار کە دەکاتە (٣٢٠٦٥٠٠٠٠) سێ سەد و بیست ملیۆن و شەش سەد و پەنجا هەزار دینار ی عێراقی،وە لەبەر ئەوەی شوێنی ئێستا ئێوە شوێنی دانیشتنتان نادیارە ئاگادارتان ئەکەینەوە لە ریگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆ کە لە ماوەی یاسایی ناڕەزایی و تێبەڵچونەوە و پێداچونەوە بگرن لەم بڕیارە بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت ...
دادوەری یەکەم / د.ماجد رشاد حمد

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٣
ژمارە: ٦٢٠٤/ش/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢١
ئاگانامە
داواکار/ کازیوە خالد اسماعیل
داوالەسەرکراو/ علی محمد همزه
داواکار (کازیوە خالد اسماعیل) داوایەکی بە ژمارە (٦٢٠٤/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادوەری بەهۆکاری جێهێشتنی بێ پاساوی مێرد) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە وە ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی دادبینی کە دەکەوێتە ٢٠٢٠/٨/١٦ سەعات ٢٠:٩ی سەر لە بەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادە نەبن یان بریکار ئەنێرن، ئەوا دادگا بە (نائامادەیی- غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.
دادوەر/ محەمەد مصطفی رسول

* * *

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ١٥٣١/ت/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٠
بۆ/ تۆمەتباری راکەدوو: سربست بایز عباس
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/٩/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود

* * *

دادگای بەرایی سلێمانی/١
ژمارە: ٦٦١/ب/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢٩
ئاگاداری
داواکار/ خسرو فریق حمه فرج بریکارەکەی پارێزەر ناصح جمال لطیف
بۆ داوالەسەر کراوان/ ڤیان و کاروان و شوان کورو کچی طالب عبید
داواکار ئەم داوایەی لەسەر ئێوە و داوالەسەرکراوانی تر تۆمارکردووە کە ناویان هاتووە لەم داوایە داوای لابردنی فرەبەش دەکات لە مولکی ژمارە ٤٣ درگزین بە فرۆشتنی ئەگەر شیاوی بەش کردن نەبوو لەنێوانتان وەلەبەر ئەوەی ئێستا ئێوە شوێنی دانیشتنتان نادیارە ئاگادارتان ئەکەینەوە لە ریگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆ کە لە ماوەی یاسایی ناڕەزایی و تێبەڵچونەوە و پێداچونەوە بگرن لەم بڕیارە بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت ...
دادوەری یەکەم/ د. ماجد رشاد محمد

* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (N.I.M) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی بازرگانی) ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (N.I.M) بۆ کۆمپانیای (نیم)، بۆیە هەر کەسێك ناڕەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر



قوتابیەك:

هەندێ تاقیکردنەوە زۆر پێوەی دیار بوو کە موراعاتی قوتابی کراوە ، بەڵام هەندێک وانە تۆڵەی ئاسانەکانی کردەوە

قوتابیەك:

بەدواداچوونێکی مەیدانی لایەڕەی پەروەردە لەگەڵ قوتابیان لەبارەی تاقیکردنەوەکان

کێشەکانی قوتابیان لە تاقیکردنەوەکانی وەزارەتی سەردەمی کۆرۆنا چی بوون؟

خەبات / ڕۆژشناعەلی

لاپەڕەی پەروەردەی ڕۆژنامەی خەبات بەدواداچونێکی مەیدانی لە کۆتا ڕۆژەکانی تاقیکردنەوەکان ئامادەکرد لەگەڵ قوتابیانی پۆلی 12 لەسەر بەڕێوەچوونی ڕەوشی تاقیکردنەوەکان ، ئامانجی وەڵامی پرسیارگەلێك بوو کە کرۆکی تاقیکردنەوەکانی ئەمساڵ بوو ، شێوازی پرسیارەکان بە گشتی چۆن بوو؟ ئایا پرسیارێك هاتۆتەوە کەلە کتێب نەبێت یان داخڵ نەبوو بێت؟ ماوەی چوار مانگ لە ماڵەوە تاچەند سوودی بۆ قوتابیان هەبوو؟ تاچەند قوتابیان سودیان لە ئۆنلاین و لایڤی مامۆستاکان وەرگرتووە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ؟ئایا لە ناو قوتابیان دەنگۆی فرۆشتنی پرسیارو کرینی تاچەند هەبوو ئەمساڵ ؟ تاچەند پرسیاری هەڵە لە تاقیکردنەوەکاندا هاتۆتەوە؟

پرسیارەکان بە گشتی

*** پرسیاری سەرەکی بەدواداچوونەکەی تێمە ئەوەیە کە ئایا پرسیارەکان بە گشتی چۆن بوون؟ ئەم پرسیارەمان لەچەند قوتابییەك کرد سەرەتا محەمەد صلاح وتی:** پرسیارەکان باش بوون زۆر ئاسانکاریان بۆ کردبووین ،چونکە بابەتەکان هەمووی داخڵ نەبوو .

هەروەها قوتابی بەڕێز کامەران وتی: لەهەندێك لە تاقیکردنەوەکان زۆر پێوەی دیار بوو کە موراعاتی قوتابی کراوە لەبەر ئەم کۆرۆنایە ، بەڵام هەندێك وانە تۆڵەی ئاسانەکانی کردەوە بە تایبەتی عەرەبی و بیرکاری زۆر زۆر گران بوو، ئینگلیزیش بۆ قوتابی ئاست بەرز دانرابوو لە پرسیار دانان دەبێت ڕەچاوی قوتابی هەموو ئاستێك بکرێت .


قوتابی زەیتون عەلی هەرلەمبارەیەوە وتی : بە بۆچونی من بەراورد بە سالانی ڕابردوو کە پرسیارەکانمان بینیوە ئاسانتر بوو .

داستان قوتابی پۆلی 12 هەر لەمبارەیەوە وتی : پرسیارەکان زۆر ئاسان بوو بە ڕای من تەنها ئابووری ئاسان نەبوو .

زین ماجد قوتابی پۆلی 12ی ئامادەیی بۆ خەبات هەر لەمبارەیەوە وتی : ئەحیاو کوردی ئاسان بوون ئەوانی تر فکری ئەویست تاراددەیەك گران بوون.

قوتابییەکی تر بەناوی محەمەد ڕەشاد دەربارەی پرسیاری تاقیکردنەوەکان بەگشتی ئاماژەی بەوەدا کە هەندێکیان ئاسان بوون و هەندێکیان گران ئەو وتی: پرسیاری کوردی و بیرکاری لای من زۆر ئاسان بوون ،بەڵام تاقیکردنەوەکانی تر زەحمەت بوون.

***دەربارەی ماوەی چوار مانگ کەلە ماڵەوە بوون ئایا تاچەند سوودیان لە کاتەکە وەرگرت یان زیانی هەبوو بۆیان ؟ لەمبارەیەوە دنیا عەبدوڵا وتی: لە ڕاستیدا سودو زیانی بۆ تێمە هەبوو، هەندێ جاریش زەرەر بوو ،چونکە زوو زوو دواەخرا و هەندێکیش دەیانوت ناکرێت .**



زەیتون عەلی قوتابییەکی تر بۆ خەبات دواو هەرلەبارەی درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە وتی : زۆر زەرەی هەبوو ،چونکە ساربینەوەو هەندێك وانەمان بیر ئەچۆوە ئەگەر وەك سالان بهاتینایەتە قوتابخانە ڕەنگە باشتر بوایە پرسیارمان لە مامۆستا دەکرد ڕەنگە وانەکانی دووبارە بکردایەتەوە. هەر لەمبارەیەوە زین ماجد وتی: ئەو ماوەیە ئەمانتوانی سوودی لێوەربگرین ئەگەر خەت هەبوایە و ڕاستیش بەکاری بهێنی سوودی زۆر لێ ئەبینی واتە ئەگەر تەنها گوێ لەوانەی مامۆستاکان بگری و قوتابی هەیە خۆی پێناگیرێت فەیس بووك و ئەوانە ئەکاتەوە کاتێکی زۆر لێئەبات. قوتابی شیاو کەمال وتی : لەڕاستییا ئەگەر بخوێنبایەو خەریکی مۆبایل نەبویتایە سودی زۆر بوو، بەڵام بۆ من زەرەر بوو.


***دەربارەی ئەوەی کە ئایا لە ناو قوتابیان هیچ دەنگزیەك هەبووە کە پرسیار دەست قوتابی کەوتبێت و ئەوان هیچ شتێیەکی لەو جۆرەیان گوێ لێبووە محەمەد صلاح وتی :** نەخێر هیچ دەنگزیەکی لەو جۆرە مان نەبیستووە ئەگەر بیوایە ئەمانبیست .

قوتابی بەڕێز کامەران لەمبارەیەوە وتی : هیچ شتێیەکی لەو جۆرەمان نەبیستووە پرسیارەکان کەپسن کە دێنە لای ئێمە قوتابی واژووی لەسەر دەکات. **قوتابی زەیتون عەلی هەرلەمبارەیەوە وتی:** نەخێر هیچ شتێیەکی لەو جۆرەم نەبیستووە، هەروەها قوتابی محەمەد ڕەشاد وتی : نەخێر هیچ شتێیەکی وام نەبیستووە .

لایڤی وانەکان

***دەربارەی ئەوەشی کە ئایا تاچەند سوودیان لە ئۆنلاین وەرگرتووە ئەم ماوەیە یان لایڤی مامۆستایانی پۆلی 12 قوتابی محەمەد ڕەشاد وتی : زۆر سودمان لە پەیجی پۆلی 12 وەرگرتووە زۆر هاوکاری قوتابیانی پۆلی دوانزەن و مامۆستاکان زۆر باشن .**

بەڕێز کامەران دەربارەی ئۆنلاین ئاماژەی بە هەمان سەنتەری ناوبراو کردو وتی : سەنتەری پۆلی 12 بێ بەرامبەر مامۆستای ئاست بەرز دەهێنن و وانە بە قوتابیان دەڵێتەوە بۆ کەسانێکی وەك ئێمە کە ناتوانێت مامۆستای تایبەت بگرێت زۆر باشە . داستان قوتابییەکی پۆلی 12 لەمبارەیەوە وتی : لە پەیج و لایڤی مامۆستاکان زۆر سوودم وەرگرتووە .



قوتابییەك :

مامۆستای تایبەتم هەبوو لە وانەی بیرکاری بە گرووپ گرتوومانە یەکی بە ملیونێک و دووسەدوو پەنجا هەزار



قوتابییەك:

لەڕاستییا ئەگەر بتخوێندبایەو خەریکی مۆبایل نەبویتایە سودی زۆربوو، بەڵام بۆ من زەرەر بوو

نەکردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان دەبێتە هۆی دووربوون لە کێشە یان دروستکردنی کێشە؟



کارزان محەمەد عەلی

بێگومان وەزارەتی پەروەردە کە سالّی پاری خوێندن بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی تەندروستی بڕیاری دواخستن یان داخستنی دەرگای قوتابخانەکانی دەرکرد بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا ، چەند مانگێك بوو ، ڕەنگە بۆ لایەنە تەندروستییەکە خاڵی ئەرێنی هەبووبێت ، بەڵام لەلایەنی پەروەردەیی و فێرکردنەکەوە ، خاڵی نەرێنیشی هەبووبێت. بەڵام هەرچۆنێك بووبێت ، ئەم قۆناغەمان تێپەڕاند ، بەڵام بۆ ئەمساڵی خوێندن پێم وایە دواخستن یان نەکردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان چەندین کێشەی پەروەردەیی و فێرکردن و بێ کاری سەرهەڵبدات ، لێرەدا بە چەند خاڵێك ڕوونی دەکەمەوە :

لایەنی پەروەردەیی

لە هەر قۆناغێکی خوێندن بێت ، ئەگەر قوتابخانە نەبێت و لەوێ کاتەکانی خۆی بەڕێ نەکات و ئامۆژگاری لە مامۆستا و دەوروبەری وەرنەگرێت و ڕەنگە لەم ڕووەوە کەسایەتییەکی لاواز دەربکەوێت و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەروبەر نامۆ دەربکەوێت و تووشی گۆشەگیری و خووگرتن بە ماڵەوە بە تاییبەتی بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکان بێت یان هەر سەرقاڵی سۆشیالی میدیای ئینتەرنێت بێت ، ئەمەش کۆمەڵێك کێشەی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروستیشتی بۆ دروست دەکات .

ڕەنگە بەهۆی ئەوەی کە دایك و باوکی دەوامی فەرمانگە یان کۆمپانیایان هەبێت ، ئەو منداڵانە لە ماڵەوە یان لە هەر جێگەیەکی تر ، ڕەنگە تووشی کاری خراپ بن و یان تووشی لادانی کۆمەڵایەتی بن ، چونکە هەموومان دەزانین بۆ منداڵ ، هیچ شوێنێك ناتوانێت ببێتە جێگرەوەی شوێنی دایك و باوکی یان قوتابخانەکانیان، کە ئەم دوو شوێنەش نەبن ، دەبێت ڕەچاوی هەموو ئەگەرێك بکەین .

لایەنی فێرکردن

دابڕان لە خوێندن و قوتابخانە تەنانەت سەنتەر و خولەکانی زمان و کۆمپیوتەریش ، ئەمانە هەموو دەبنە هۆی ئەوەی مێشکی ئەم قوتابییە تەمبەڵ بێت و لە خوێندن دوابکەوێت و قەرەبووکردنەوەشی زەحمەت نەبێت ، کێشە لە نێوان وەرگرتنی ئەو و پرۆگرامی قۆناغی خۆی دروست دەبێت .

بێگومان لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی خوێندنی هێڵی ڕاستەوخۆ(online) کە مانگەکانی کۆتایی ساڵی خوێندنی پار تاڕادەیەك بەکاردەهات بەتایبەتی لە قوتابخانە ناحکومییەکان ، کە خۆشم یەکێك بووم لەوانەی ، بەکارم هێنا، بەڵام هەرگیز ئەم جۆرە خوێندنە نابێتە جێگرەوەی خوێندن لە قوتابخانە ،چونکە ئەو چالاکی و پەیوەندیی و یاریی و بۆچوونی جیاواز کە لە قوتابخانە هەیە ، لە وانەی هێڵی ڕاستەخۆ هەستی پێ ناکرێت، دەتوانم بڵێم تەنها گواستنەوەی زانیاریە وەك ئامێرێك بۆ ئامێرێکی تر ، جا دەگات یان نا ئەوەش بابەتێکی تر،

لایەنی کار و بژێوی

وەك هەموومان دەزانین قوتابخانە ناحکومییەکان زۆربەیان مامۆستا و فەرمانبەر و خزمەتگوزاری گرێبەستن ، گرێبەستەکانیشیان بۆ ماوەی یەك ساڵە ، جا گەر بڕیاری کردنەوەی قوتابخانەکان نەدرێت ، زۆرێك لەو مامۆستا و فەرمانبەرانە گرێبەستیان لەگەڵ نوێ ناکرێتەوە ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بێ کاربوونی سەدان کەس ، چونکە کەس و کاری قوتابی ئامادە نین ، منداڵەکانیان بنێرن بۆ قوتابخانەی ناحکومی و پارە بدەن ، لەکاتێکدا دەزانن قوتابخانەکان ناکرێتەوە، لە هەمان کاتدا زۆرێك لە قوتابخانەکان ، قوتابییەکانیان لە ڕێگەی ئۆنۆمبیلەوە هاتوچۆیان دەکرد بە تاییبەتی قوتابخانە ناحکومییەکان ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بێکاربوونی چەندین کەسی تر بەهۆی ئەمەوە .

بۆیە دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت و ناکرێت بەهۆی ئەم پەتایە کۆمەڵێك کێشەی تری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و فێرکردن دروست بێت ، ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە ، هەم ڕەچاوی ئەم سێ خاڵەی سەرەوە بکرێت ، هەمیش ڕەچاوی لایەنی تەندروستی بکرێت ، ئەمەش بەڕاوێژ لەگەڵ پسپۆران دەتوانرێت ڕێگەی گونجاوی بۆ ببینرێتەوە.

ئامادەیی پیشەییەکان بۆ فەرامۆش کران !؟



عەبدوڵلا تاهیر

وەك دەزانرێ ئامادەیی پیشەییەکان بەهەردوو بەشیەوە پیشەسازی و بازرگانی ئامادەیی پیشەیین و تاکی پیشەوەر و پسپۆڕ لە بواری خۆیان بەرهەم دەهێنن وەك دەزانرێت پیشەسازی کۆمەڵێك بەشی لەخۆ گرتووە وەك میکانیك، کارەبا ، ئۆتۆمۆبێل .....هتد

قوتابی لەبەشەکەی خۆی پسپۆڕی و تایبەتمەندی وەردەگرێت هەریەك لەمانە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ پرکردنەوەی توانای مرۆیی لە بازاڕی هاوچەرخ لێ بەم دواییە تا ڕادەیەك دەتوانم بڵێم پشت گوێ و فەرامۆش کراون لەهەندێك شوێن هەر نەما و لە کاتێکدا کە دەرچووانی ئەو بەشانە سودی لێ وەردەگیری و بەشێوەیەکی ئەکادیمی کاروباری ڕۆژانە لە بازاڕی هاوچەرخ رایی دەکەن ، ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە هەتا ئەو بەشانە بوونیشیان هەبوو دەرچووانیان زەمینەیان بۆ نەڕەخسا لە بوارەکانی خۆیان کار بکەن، بەڵکو زۆربەیان لە بواری پەروەردە دامەزران و ئەرکی پەوردەکردنی منداڵیان پێ سپێردا .

من مەبەستم ئەوە نیە لە ماهیەتیان کەم بکەمەوە زۆربەی هەرە زۆریشیان سەرکەوتوو بوون لە پەروەردەکردنی منداڵ، بەڵام ئەگەر بێت و لە بواری خۆیان دەرفەتیان بۆ بڕەخسا با ڕەنگە زیاتر و زیاتر سودیان لێ وەربگیربا و ئەوان مومارەسەی پیشەی خۆیان دەکرد و پسپۆڕانی بواری پەروەردە ئەرکی پەروەردەییان پێ دەسپێردرا ، ئەوەی مەبەستمە زیاتر پەنجەی بخەمە سەر ، ناکرێ زیاتر ئەو بەشانە فەرامۆش بکرێ ، چونکە گرنگی خۆی هەیە دەرچووانی ئەو بەشانەش زۆر پێویستن بۆ بازاڕی هاوچەرخ.

پرسیاری فرە وەڵام

***دەربارەی ئەوەشی کە ئایا چ پرسیارێکتان بۆ هاتۆتەوە کەلە کتێب نەبوو بێت یان داخڵ نەکرا بێت بۆ تاقیکردنەوە؟ یان چەند وەڵامێکی هەبووبێت محەمەد ڕەشاد وتی : لە بیرکاری پرسیاری لەو شێوەیەمان بۆ هاتبۆوە بە شێوەی مایەر شیکاری بکە کە تا ئێستا هیچ ساڵێك نەهاتۆتەوە و لە مەلزەمی هیچ مامۆستایەکیش نەبووەهەروەها لە تاقیکردنەوە زمانی عەرەبی دوو پرسیار هەڵە بوو ، بەڵام پێم وایە هەقی تێمە ناخۆن، من وەك خۆم ڕەنگە تەنها 68 بێنم بە تێکڕا.**

قوتابی زەیتون عەلی وتی : تەنها ئەمڕۆ پرسیار هاتبۆوە کە لەو بەشە بوو کە داخڵ نەبوو بۆ تاقیکردنەوە هەموو پرسیارەکان لە کتێبا هاتوونەتەوە پرسیارمان بۆ نەهاتۆتەوە تەنها لە مەلزەمە هەبوو بێت.

هەروەها داستان قوتابی پۆلی 12 بۆ خەبات وتی : ئەو پرسیارانەی وەڵامم داوەتەوە بە گوێرەی ئەو خوێندنەیە کە خوێندوومە.

***دەربارەی ئەوەی کە تاچەند ڕێنماییەکان جێبەجێدەکەن و فێنککەرەوە دابینکراوە و ئایا هیچ قوتابییەك توشی کۆرۆنا بووە؟ محەمەد ڕەشاد وتی: لە ناو هۆڵ هەموو دەسکێش و کەمامەمان پێوەیە و خۆمان ئەپارێزین و کەسمان نەبیستووە لای ئێمە لەبەر کۆرۆنا نەهاتبێت بۆ تاقیکردنەوە ، ئەم کەمامەیە زۆر ناخۆشە بە تاییەتی لە هۆڵ و لە کاتی تاقیکردنەوە دەستکێشیش ئاساییە ئەتوانی بەکاری بهێنی یان نا.**

داستان لەمبارەیەوە وتی: فێنککەرەوەمان هەبوەو هەموو ڕۆژەکان کەسێش توشی کۆرۆنا نەبووە لەم هۆڵەی ئێمە ، بەڵام، هەندێك لە مامۆستا چاودێرەکان مۆبایلیان پێیە.

***دەربارەی مامۆستای تایبەت کە ئایا مامۆستایان هەبووە ؟ قوتابی محەمەد ڕەشاد وتی : هیچ مامۆستایەکی تایبەتم نەبووە هەر خۆم خوێندوومە.**

قوتابی زەیتوون عەلی وتی : من هیچ مامۆستایەکم نەبووە وتەنها سوودم لەلایڤی مامۆستاکان وەرگرتووە.

قوتابی زین نجات لەمبارەیەوە وتی : مامۆستای تایبەتم هەبووە لە وانەی بیرکاری بە گروپ گرتوومانە یەکی بە ملوێنێك و دووسەدوو پەنجا هەزار.



جۆکەر
لە نێوان بونیات و روخاندنی مرۆڤدا

حەیدەر عەبدولڕەحمان



دایکم ئامۆژگاری دەکردم هەمیشە زەردەخەنە بەسەر لێومەوە بێت و بەختەوەربم، بۆیە دەبێت تەنیا ئامانجێکم ئەوە بێت کەخۆشی و پێکەنین بۆ جیهان دەستەبەر کەم... ئەمە دیالۆگێکی (ئارسەر فلیك) ی قۆشمەبازە لەفیلمی (جۆکەر) کە فیلمێکی ئەمریکیە لەدەرهێنانی (تود فلیبس) و پاڵەوانیەتی (خواکین فینیکس)ە کەبۆ ئەمساڵ لەفیستیڤاڵی ئۆسکاری سینەمایی دا بوو بەناودارترین فیلمی سەردەم و بۆ ٩ خەڵاتی ئۆسکار پاڵێوراو سێ لەو خەڵاتانەی بەدەست هێنا، لەوانە: خەڵاتی باشترین ئەکتەر بۆ (خواکین فینیکس) و خەڵاتی باشترین موزیکی وێنەیی درا بە (هیلدۆر گونادوتیر) و خەڵاتی باشترین دیزاینی جلوبەرگ ، جگە خەڵاتی (شێری زێڕین) لە فیستیڤاڵی ڤینیسیای سینەمایی.

فیلمەکە بۆ یەکەم جار لەمێژووی سینەمادا بوو بەخاوەنی زۆرترین داهات و زێتر لە یەك ملیار دۆلاری بە دەست هێنا، پێشتر لەچەندین فیستیڤاڵدا نمایش کراوە، لەوانە لەفیستیڤاڵی ڤینیسیا، تۆرنتۆ، نیۆیۆرك، هامبۆرگ، زیورخ، بەڵام دوای نمایش کردنی لەئۆسکارو بە دەست هێنانی خەڵاتەکان فیلمەکە کەوتە قۆناغێکی تر لەسەرکەوتن و بەدەست هێنانی داهات.

ناراستی فیلمەکە:

فیلمەکە گوتارێکی مرۆیی بەخۆیەوە هەڵدەگرێت و دەیەوێت بڵێت زۆر جاران کۆمەڵگا لەبری ئەوەی هەوڵ بۆ بونیاتنانەوەی مرۆڤ و چارەسەری گرفتەکانی بدات، کەچی مرۆڤ ناچار دەکات بەرەو ڕووخان و تاوانکاری بچێت، لەئەنجامی بەکەم زانین و سوکایەتی پێکردن و قۆرخ کردنی تاك بەرەو ژێر دەستەیی و دۆڕاندنی بەها مرۆییەکانی.

فیلمەکە دەڵێت: هەندێ جار مرۆڤ لەدۆڕندە بێ بەزەیی تر دەبێت و بەدەست بەخۆیان بوون و رق نەبێت ناتوانێت دە ر لەکۆمەڵگادا جێی خۆی بکاتەوە، تەنها لەرێگەی دڵ ڕەقی دەتوانیت هەبیت.. بەمەش بەهایەك بۆ مرۆڤ بەجێ ناهێڵێ لەسەردەمی نوێ دا .

چیرۆکی فیلمەکە لەرەسەندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨١ کاتێ (ئارسەر فلیك) ی ئەکتەری کۆمیدی و لیبۆکی ئاهەنگەکان لەگەڵ دایکە نەخۆشەکەی لەشاری غوسام دەژین .

ئارسەر- دووچاری نەخۆشیەکی ئەقڵی بۆتەوە، ئەم نەخۆشیە وای لێ دەکات ناوە ناوە بەبێ هۆو لە کاتی نەگونجاودا لەخۆیەوە پێبکەنێ ، بۆ چارەسەریش پشت بەخزمەتگوزاریەکانی حکومەت ببەستێت.

هەمیشە هەست بە بێ نرخ بوون و لاوازی خۆی دەکات، ئەو ئامانجەی دایکی فێری کردووە بۆ ئەوەی پێکەنین و ئاسوودەیی بەخەڵکی ببەخشێت هیچ نرخ و بەهایەکی نیە لەکۆمەڵگایێکی دڵ ڕەقدا، ڕۆژێکیان کاتێ لەشەقامێکی غوسام دروشمێکی هەڵگرتووە لالایەن چەند گەنجێکی سەرە ڕۆ گاڵتەی پێ دەکەن و ئازاری دەدەن، بۆیە راندال - ی هاوڕێ ی دەمانچەیەکی دەداتێ بۆ ئەوەی لەو حاڵەتانەدا بەرگری لەخۆی بکات..

کاتێ لەنمایشێکی نەخۆشخانەیەکی مندااڵندا نمایش پێشکەش بەنەخۆشەکان دەکات، ئارسەر دەمانچەکەی لە گیرفانیدا دەکەوێتە خوارەوە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لەکارەکەی دوور بخرێتەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی (راندال) ی هاوڕێ ی درۆی ئەوەی بۆ هەڵدەبەستێ کە (ئارسەر) دەمانچەکەی لێ کڕیووە، بۆیە بەخەفەتباری کارەکەی بەجێ دێڵێ و سواری شەمەندەفەرێك دەبێت سێ گەنجی تێدایە، ئەو سێ گەنجە شەڕ بەژنێك دەفرۆشن و گاڵتەی پێ دەکەن، (ئارسەر) لەو کاتەدا پێکەنینە ناڕاساییەکە دەیگرێ، لەمەدا سێ گەنجەکە تووڕە دەبن و دەیانەوێ لێی بدەن، بەڵام (ئارسەر) وەك بەرگری کردنێك دوو لەوان دەکوژێ، پاشان دوای سێیەمیان دەکەوێ تا نەیکوژێ وازی لێ ناهێنێ.

ئەم هەواڵە وروژێنەرە لە میدیاکاندا بڵاو دەبێتەوە، شاری غوسام دەخرۆشێنێ، زۆرێك دڵخۆشن پێی بە تایبەت هەژارو نەدارەکان، زۆرێکیش پێی دڵتەنگن وەك دەوڵەمەندەکان، ئەوەتا (تۆماس واین) باسی ئەوە دەکات و دەڵێت ئەوانەی بەخیلی بەکەسانی سەرکەوتوو دەبەن لیبۆکەکانن.

لەوێوە خۆ نیشاندان دژی دەوڵەمەندەکانی غوسام دەست پێدەکات، بۆیە هەموو خۆنیشاندەرەکان دەمامکی لیبۆکەکانی چەشنی ئارسەر لە بەر دەکەن، ئەمە وا دەکات حکومەت دەرمانی چارەسەر لە (ئارسەر) ببڕێ .

دواتر کارەکانی (ئارسەر) دەبێتە هۆی ئەوەی ئاژاوە لەهەموو شارەکەدا سەر هەڵبدات و لەئەنجامدا تۆماس و هاوسەرەکەی بکوژرێن، ئارسەریش زێتر ڕوو لەتاوانەکانی بکات و دایکی خۆی بخنکێنێ و راندالی هاوڕێشی بە دڵڕەقترین شێوە خەڵتانی خوێن بکات، پاشان بەهۆی کوشتنی پێشکەش کاری نمایشەکان لەناو هۆڵی شانۆدا ئاسەر رادەکات، بەڵام دواتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت، ئارسەر لەپەجەرەی ئۆتۆمبیلی پۆلیس ئەو خۆ نیشاندانە گەورەیە دەبینێ کە سەراپای شاری گرتۆتەوە ، دەست دەکات بەپێکەنین، لەو کاتەدا ئۆتۆمبیلێکی فریاکەوتنی نەخۆشخانە خۆی بەئۆتۆمبیلی پۆلیس دا دەکێشێ و ئارسەر رزگار دەکەن، ئەو کاتە خوێن لەشێوەی پێکەنین بەسەر ڕوخساریدا دەڕژێ، هاوکوف لەگەڵ دروشمی حۆ نشاندەران و را دەکات لەدوایەوە شوێن پێیەکانی بخوێن دەردەکەوێ .

(خواکین فینیکس) گەورەترین ئەکتەری سەردەم:

بەپێی بۆچوونی ڕەخنەگران (خواکین فینیکس) ئەدایەکی ئەوتۆی لە فیلمەکەدا کردووە، کە بەپێی قسەی ئەوان ئەدای وا سەرسوڕێنەر دووبارە نابێتەوە، بۆیە ناوی ئەکتەری سەردەمی لێندراوە.



بدات ، کە جیاواز بێت لە جۆکەرەکانی تر، چەند کتێبێکی خوێندۆتەوە دەربارەی تیرۆری سیاسی، تا لە شێوەی ئەم جۆرە کوشتارییە رابێت.

خواکین - لەدیانەیەکی تەلەفزیۆنی دا دوای ئەو سەرکەوتنەی لە فیلمی جۆکەر بەدەستی هێنا گوتی : تا ئێستا چەندین فیلم لەژێر ئەو ناونیشانە ئەنجام دراوە، بەڵام ئێمە ئارەزوومان بوو فیلمێکی جیاواز بکەین کە لە هەموو فیلمەکانی تری لەم جۆرە جیاواز بێت، بۆیە ئێمە پێویستیمان بەجۆرێك لەئازادی دان بەخۆمان هەبوو، ئەم ئەرکە بۆ(تود) زۆر گرنگ بوو کە نووسەری سیناریۆکە بوو، من کە تێکست و سیناریۆکەم خوێندەوە هەستم کرد کە پێشتر شتی وام نەخوێندۆتەوە.

ئەو ڕۆڵە بۆمن جێگەی بایەخ بوو کە بزانم چۆن (ئارسەر) لە (جۆکەر) دا بەرجەستە بکەم، بەتایبەت زمانی جەستە لای ئارسەر ، وەك کەسێکی هەمیشە شڵەژاو،کە هەست بە دەستەپاچەیی و نەمانی ئەمان دەکات، لەگەڵ ئەو جۆکەرەی هەست بەئاسوودەی تەواو دەکات بەرامبەر بەخۆی، بۆیە بۆ ئێمە گرنگ بوو بتوانین ئەو دوو لایەنە لەکەسایەتی دا بەگرنگ وەربگرین،

کە لێی دەپرسن : پێگەکانی وێنە گرتنت چۆن بینی؟ وەك غوتام سیتی؟

دەڵێت : بەڵێ نیۆیۆرك ، زۆر سەرنج راکێش بوو، ئێمە لەشوێنی زۆر گرنگ فیلمەکەمان وێنە گرت، ئەو شوێنانەی بۆ وێنە گرتن دروستیان کردبوو زۆر گرنگ و سەرنج راکێش بوون، لەبەر ئەوەی ئەکتەر توانستی خۆی لەئەداو نواندنا لە دەوروبەری خۆی وەردەگرێت و لەگەڵیدا ئاوێتە دەبێت،

لێی دەپرسن : لە منداڵیدا تا چەند هۆگری کتێبی وێنەدار بوویت ؟ هەستت دەکرد وێنەی ئەو کەسایەتیانە بیێتە مایەی هۆگر بوونی خەڵکی پێیانەوە؟

دەڵێ : بەڵێ لەمنداڵی زۆر خۆم سەرقاڵی کۆکردنەوەی وێنەی ئەو کەسایەتیانە دەکرد.

ـ کاتێ فیلمەکە پێش کەش بەجەماوەرێکی جیهانیی کرا، تۆ هەستت چی بوو؟

ـ من لە دوا دە خولەکی کۆتایی فیلمەکە هاتم، بۆیە فیلمەکەم نەبینی، حەزم نەدەکرد لەو کاتەدا لەسینەما بم و لەگەڵ بینەردا دانیشم، ڕەنگە من وەك تۆ نەتوانم تەماشای فیلمەکە بکەم، چونکە لەگەڵ هەر دیمەنێکدا، دەبوا هەناسەی ئەوە هەڵکێشم کە فیلمەکە ئاوا بواو ئاوا نەبوایە، بۆیە ئەمە بۆ من خۆش نەبوو.

موزیکی وێنەیی فیلمەکە:

لە پێش بڕگێی موزیکی وێنەیی دا موزیك خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێناو ڕەخنەگران وای بۆ دەچن کە بەشێك لەفاکتەرەکانی سەرکەوتنی فیلمەکە موزیکە، بەتایبەت بۆ بەرجەستە کردنی دیمەنە وروژێنەرەکانی ترس و تاوان، لەوانەش پارچە موزیکی (کۆل می جۆکەر) کە خاتوو(هیلدر جونادوتیر) ئامادەی کردووە.

ڕەخنەگران و جۆکەر:

دوای نمایش کردنی فیلمی جۆگەر بیرو رای جیا جیای زۆر دەربارەی فیلمەکە دەوروژان، خواکین - ی پاڵەوانی فیلمەکە دەگێڕێتەوە کە دوای نمایش کردنی فیلمەکە بۆ یەکەم جار منداڵ و خوشك و براکانی خۆمم لەگەڵ دابوون، کە گەڕینەوە ماڵەوە گوێم لەبیروراکانیان گرتبوو هەر یەکەو بەشێوەیەك باسیان لێوە دەکردو منیش گوێم لێ گرتبوون، دڵ خۆش بووم بەوەی بیروراکان لێکتر جودا بوون.

بەهەمان شێوە بەشێك لە ڕەخنەگرەکان پێیان وا بوو فیلمەکە هانی ئاژاوەگێڕی دەدا، چونکە جۆکەر کە کەسێکی لە یاسا دەرچووە، کۆنترۆلی خۆی لەدەست دەدات، لەئەنجامی ئەو فشارە دەروونیانەی دەخرێتە سەری، بۆیە لەزۆربەی هۆڵەکانەی سینەما ڕێگایان بەبینەر نەدا ماسك لەگەڵ خۆیاندا ببەنە هۆڵی سینەما لەترسی ئاژاوە نانەوەی بینەران.

دەرهێنەرە فیلمەکە دەڵێت: من ئەو جیاوازیەم لەبیروڕادا پێ خۆشە، دەربارەی هەر پرسێك لەفیلمەکەدا چونکە پێم وایە ئەم جیاوازییە لەقازانجی ئێمە دایە، من مەبەستم نەبووە خەڵك هان بدەم بۆ توندو تیژی، یان کردەوەکانی ئارسەر نوێ کەمەوە.

هەروەها (کۆمەڵەی فیلمی ئەمریکی) فیلمی جۆکەری تەرخان کرد تەنها بۆ بە تەمەنەکان، چونکە فیلمەکە زۆر دیمەنی توندوتیژی و تاوان و خوێنی تێدایە.

ڕۆژنامەی (دیلی میل) ی بەریتانی دەڵێت: زۆر لەبینەران لەهەموو جیهاندا لەکاتی نمایشدا رایان کردۆتەوە دەرەوە بەهۆی دیمەنە تاوانکارییەکان و داوایان کردووە فیلمەکە ڕابگیرێ، هەندێ لەهۆڵەکانیش هەڕەشەیان لێ کراوە بەڕاگرتنی فیلمەکە.

بینەرێك کە هۆڵی سینەمای بەجێ هێشتبوو لەکاتی نمایش دا دەڵێت : فیلمەکە ئەوەندە کاری لێ کردم بەشێوەیەکی سایکۆلۆژی ئەقڵی بینەر دەگۆڕێت، چی نەمابوو منیش ببم بەئاژاوەگێڕو تاوانبارێك بۆیە زوو هۆڵەکەم بەجێ هێشت.



کۆرۆنا.. گوشارێکی تازە بۆ سەر پەنابەران


ئیشان سارور

سەبارەت بە هەندێ تواناجەدەر و سیاسەتکاری سەر بە رەوتی راستڕەو، پەتای کۆرۆنا، مژدەی گەرانەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی دەگەێنێت. دەرگاکان داخران، ئەوەش زۆر بەدڵی گەلڕەوتە راستڕەوەکان بوو. جارێکی دیکە سنووری نیشتمانی بووە بەربەستی شوراییەن، کە رێگە لە هەرشەی دەرەکیی دەگرێت و هاوولاتیانیش لەنێویدا دەپارێزێت، وەلێ رێوشوێنەکانی قەدەغەی سەفەرکردن، بووە هۆی وەستانی ئەوانەی لە رێگەی ئاسمانەوە زۆر سەفەر دەکەن، هەڵقوڵانی پەنابەرانیشی بۆ ماوەیەکی نادیار وەستاند. لۆرا هۆتاساری، ئەندامی راستڕەوەی تونداڕەوی فینلەندا لە پەرلەمانی ئەوروپا دەڵێت: (بەهۆی کۆرۆناوە هیچ پێویستیەان بە سنوور نەماوە، جیهانگیریی دادەڕمێت). لەبەر نەبوونی بەڵگەی زۆر، سیاسەتکاری ئیتاڵی تونداڕەو، ماتیۆ سالڤینی، گەیشتنی قایرۆسی کۆرۆنای بە کۆچبەرانی بێت لە دورگەکانی یۆنانداو، کەمێکیش لەو نشینگانە توانای ئەنجامدانی پشکنینی کارایان هەیە. لە زۆربەی شوێنەکانی وڵاتی یەمەندا کێشە هەیە، ملیۆنان کەس بەدەست بەد خۆراکییەوە دەنالێنن، نزیکەی چوار ملیۆن کەسیش، لە نێو خێوەتگەی کاتیدا دەژین، بۆ لیبیا،لەوێ دانیشتووان و کۆچبەران، لەگەڵ پشێوییەکانی وڵات مامەڵە دەکەن، کە لە نێو جەنگێکی ئەهلیدا دەژی، بۆ عێراق، هێشتا نزیکەی یەك ملیۆن و نیو ئاوارە هەیە، لەئاکامی جەنگ لەگەڵ رێکخراوی داعشدا. رۆژنامەی واشنتن پۆست باڵاوی کردووتەوە، رەنگە سووریا، کە جەنگ هەلاهەلای کردووە، گەورەترین سەرچاوەی نیگەرانیی بێت، نەخاسمە لە باکووری رۆژئاوای وڵاتدا، کە هێشتا لەوێ جەنگ لە نێوان هێزەکانی میری و یاخیبووانداو بەردەوامە، هەرچەندە لە مێژە جەنگ بە شێوەیەکی سست راگیراوە. هەروەها نزیکەی چوار ملیۆن کەس، کە زۆربەیان ئاوارەن، لە شوێنی دیکەی وڵاتدا هەن و لە سەر پارچە خاکێکی بچووك، بەدرێژایی سنووری سووریا-تورکیا گیریان خواردووە، ئەو شوێنەش بە پێش شاری غەززە لە فەلەستین کەوتەوە، کە بە چڕترین شوێنی دانیشتووان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت. لە شاری غەززەش، کە ئیسرائیل دۆرپێچی بەشێکی سووریا، یەمەن و ڤەنزوێلا بدات، چونکە چەندین نەخۆشخانە رووخاوە و سیستمی تەندروستیش وێران بووە). تاکو ئێستا، تەنیا چەند حاڵەتێکی کەمی دڵنیا هەیە، چ لە خیوەتگەکانی رۆهینگا بێت لەسەر سنووری بەنگلادیش لەگەڵ میانمار، یان سەربازگە پیسەکانی پەنابەران لە دەترسن، کە خەریکە لە ئاسۆدا سەر دەردەهێنێت. جان ئیگلاند، ئەمیندارى گشتیی پەنابەران دەڵێت: (کاتێك کۆرۆنا لە نشینگە قەربالغەکان دەدات، لە شوێنەکانی وەکو ئێران، بەنگلادیش، ئەفغانستان و یۆنان، ئاکامەکەی کاولکاریی دەبێت). دەشڵێت: (کارەسات روو دەدات، ئەگەر کۆرۆنا لە چەند ئەفریقیا بەستایەوە، ئەوانەی بە شێوەی ناياسایی لە دەریای ناوەڕاست دەپەڕنەوە، بۆ ئەوەی خۆیان بگەێننە ئیتاڵیا. هەرچی سەرۆك دۆناڵد ترەمپە، کە رووبەڕووی ئابووریەکی دارماو و رەخنەی زۆر لە بارەی مامەڵەکردنی لەگەڵ قەیرانەکەدا دەبێتەوە، بەم دواییە وتاری دژ بە کۆچبەرانی تازە کردووتەوە، ئامارە بەوەش دەکات، رێوشوێنی سنووریی بۆ نەهێشتنی ئەو قەیرانە زۆر پێویستە. بەڵام سەبارەت بە نزیکەی 70 ملیۆن ئاوارە لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەو پەتایە بە هەرشەیەکی دوو سەرە دادەنرێت: خیوەتگە پڕ لە ئاوارەکان، ئەگەری بڵاوبوونەوەی پەتاکەیان تێدا زیاترە، حکومەتە نیشتمانییەکانیش، ئەوانەی لە باشترین کاتدا، سەرچاوەی سنووردارین هەیە، بۆ ئەوەی بۆ پەنابەران و ئاوارەکانی دابین بکەن، کەمتر بەلای پێشکەشکردنی ئەوسەرچاوانەوە دەچن، لە سایەی ئەو قەیرانەدا. ئاژانسەکانی بە هاناوەچوون، لە رووداتی کارەساتێك ناوچە دۆرپێچدراوەدا. لە نێو سنووری ئەوروپاشدا، پەنابەران و ئەوانەی داوای مافی پەنابەرییان کردووە، بە هۆی کۆرۆناوە، لە مەترسی دان. 24 رێکخراوی بەهاناوەچوونی فەرەنسی، لە وتارێکیان دا بۆ حکومەت نووسیویانە: (رەوشی دوورخراوەکان وەسف ناکرێت: بێ خانوویی، سەرما، شێ، نیگەرانی، هیلاکی، کەرەسیسەبوون لەنێو خێوەتەنکەکان، دەرکردنی رۆژانە لە شوێنەکانی ژیان و رەوشی تەندروستی خراپ) هەیە. رێکخراوەکان هۆشداریی ئەوەش دەدەن (رەوشی زۆربەی کۆچبەران لە باکووری فەرەنسادا نالەبارە). بەڵام ئێستا هیچ هاوسۆزیەکی ئەوتۆیان نییە. ئەمەو ئەنجوومەنی پەنابەرانی نەرویج ئاماژە بەوە دەکات، پەنابەران و کۆچبەران، لە بڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنادا، بەبێ بوونی هیچ پاساوێك، یەکەم کەسن سەرکۆنە دەکرێن و پەنجەی گازاندەیان بۆ درێژ دەکرێت. بینیەان هەندێ سایستەکاری گەلڕەوت لە سەرتاسەری کیشوەری ئەورووپا، ئەوانەی لەدژی کۆچبەرانن، بە شێوەیەکی روون هەوڵ دەدەن، کۆچبەران و پەنابەران بە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بەستنەوە، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکیش نییە، ئەوە پشتڕاست بکاتەوە. کارگێڕییەکەی ترەمپیش هەمان رێچکەی ئەوانی گرت، کاتێك بڵاو بوونەوەی ئەو قایرۆسەی، کردە پاساوێك بۆ داڕشتنی هەڵمەتێکی تازە، کە بۆی هەیە رێگە بە کارگێڕییەکە بدات، داواکارانی پەنابەریی دەرکەوتوو لەسەر سنووری ئەمریکا، راستەوخۆ دوور بخاتەوە.

و: رەمزی میرەکانی

سەرچاوە: www.alittihad.ae

ئیسپانیا و پورتوگال خۆشحاڵی خۆیان بە دەرئەنجامەکانی لووتکەی سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا دەربڕی



دوای پێنج رۆژ کۆبوونەوە و گفتوگۆ ، سەرکردەی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لەسەر بوودجە و پڕۆگرامی رزگارکردن گەیشتن بە رێککەوتن، ئەم پڕۆگرامە تایبەتە بە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (Covid-19) لەسەر ئابووری ئەورووپا.سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا، پێدرۆ سانچێز لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەبۆنەی گەیشتنی سەرکردەی یەکێتیی ئەورووپا بە رێککەوتن.پێدرۆ سانچێز جەختی لەوەیش کردەوە کە لەسەر بابەتە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە وەڵامدانەوەی قەیرانی دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گەیشتوون بە رێککەوتن و گوتی: «بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك پەراوێز بخرێت دەستمان کرد بە هەنگاونان بەرەو رێگای هاوچەرخبوونێکی مەزن کە ئەورووپا دەگەیەنێتە ئەو پێگەیەی کە شایەنیەتی».سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا باسی لەوەیش کرد کە یەکێتیی ئەورووپا بۆ وەستاندنی کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لەسەر ئابووری، پلانی بەپەلەی خستوەتەڕوو و پێی وابوو «لە رێککەوتنەکەدا، هەموان سوودمەند دەبن و یەکێتیی ئەورووپا دوای رێککەوتنەکە بەهێزتر دەبێت».لە لایەکی دیکەوە سەرۆکوەزیرانی پورتوگال، ئەنتۆنیۆ کۆستا رێککەوتنی سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپای وەك نیشانەیەکی متمانە بۆ ئاساییکردنەوەی رەوشی ئابووریی و ژیانی کۆمەڵایەتیی وەسف کرد. ئەنتۆنیۆ کۆستا باسی لەوەیش کرد کە کۆبوونەوەکە دووەم درێژترین کۆبوونەوەیە لە مێژووی یەکێتیی ئەورووپا و گوتی: «یەکەمجارە لە یەکێتیی ئەورووپادا سیستمێکی تایبەت پەسەند بکرێت کە لەڕێی سوو و بەخشینەوە پشتیوانی لە پڕۆگرامەکانی بوژاندنەوەی ئابووریی نیشتمانیی دەکات».بەگوێرەی ئەو پاکێجەی کە رێککەوتنی لەسەر کراوە، کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا دەسەڵاتی وەرگرتنی قەرزی لە بازاڕەکانی سەرمایە پێ دەدرێت، پڕۆگرامی رزگارکردن بە گەرەنتیکردنی ئەم دەسەڵاتە و بوودجەی یەکێتیی ئەورووپا 750ملیار یورۆ هاوکاری پێشکەش بە 27 وڵاتەکەی ئەندامی یەکێتییەکە دەکات.

مانشێت

یۆرۆ نیوز:

حکومەتی فەرەنسا رایگەیاند بەهۆی ڤایرۆسی کورۆناوە ، تەنیا کەرتی گەشتیاریی 30 – 40 ملیار یۆرۆ زیانی بەر کەوتووە.



ئەی ئیف پی:

وەك هەوڵێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چین ، ئیدارەی ترامپ بە نیازە گرنگیی زیاتر بە تایوان بدات.



ئیلاف:

بە گوێرەی راگەیەنراوێکی پۆلیسی ئەڵمانیا ، کەسانێکی نەناسراو هەرەشەی تەقاندنەوەی ژمارەیەك بنکەی تەندروستیان کردووە لە سەرتاسەری وڵاتدا.



ڕۆیتەرز:

ئەنجومەنی باڵای هۆزەکان (لۆیاجیرکا) لە ئەفغانستان رازی بوو بەوەی حکومەت 400 دەستگیرکراوی سەر بە بزووتنەوەی تالیبان ئازاد بکات.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

بە گوێرەی دواییەن ئامار ، تا ئێستا زیاتر لە 19.65 ملیۆن کەس لە سەرتاسەری جیهان تووشی ڤایرۆسی کورۆنا بوونە و ژمارەی قوربانیانیش 725.334 کەسی تێپەڕاندووە.



بی بی سی:

دادگایەکی ڤەنزویلا سزای بەندکردن بۆ ماوەی 20 ساڵی بەسەر دوو کەسی ئەمەریکیدا سەپاند بەهۆی هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازیی لەو وڵاتە.





کاریکاتێر (وەرگیراوە)



زۆر بەکارهێنانی پەین چەندین زیانی هەیە

لەگەڵ ئەوەی پەین بە هەردوو جۆرەکەیەوە کیمیایی و ئۆرگانی گرنگی زۆری هەیە بۆ گەشەکردنی داری میوە لە قۆناخە جیا جیاکانی تەمەنی دا، ئەویش بە پێی بڕی بەکارهاتوو و کاتی بەکار هێنانی، بەڵام لە هەندێ کاتدا پەینکردنی باخ زیانی زۆر گەورەی بۆ داری میوەجات دەبێت بە تایبەتی ئەگەر بڕی پەینی بەکار هاتوو کیمیایی بێت یان ئۆرگانی، زۆر بێت و لە پێداویستی داڕکە زیاتر بێت. زیانەکانیش ئەمانن:

یەکەم: بەکارهێنانی پەین لە بڕی دیاریکراو زیاتر، دەبێتە هۆی سوتانی کۆمەڵەی سەوزی داڕکە، هەندێك جار دەگاتە ئاستی وشکبوون.

دووەم: بەکارهێنانی بڕی زیاتر لە پێویستی، دەبێتە هۆی دروستبوونی خوێ لە خاکدا، لە ئەنجامدا خاکەکە شیاو نابێت بۆ کرداری کشتوکاڵییەکان و پێویستە شۆرینی بۆ بکرێت.

سێیەم: بڕی پەینی زیاد بەکارهاتوو لە خاکدا دەمێنێتەوە یان دەشۆرێتەوە بەوەش بڕە پارەیەك بە فیڕۆ دەڕوات.

چوارەم: زیاد بەکار هێنانی پەین بە تایبەتی نایترۆجین، دەبێتە هۆی ژەهراوی بوونی رەگی دارەکان پاشان مردنی.

پێنجەم: زیاد بەکار هێنانی پەین لە پێویستی داری میوەجات ئەگەری هەیە بە هۆی ئاودان و باران بارینەوە بچێتە ناخی زەوی و بگاتە ئاوی ژێر زەوی و لە ئەنجامدا ئاوی بیرەکان ژەهراوی دەبن.

شەشەم: ئەگەری هەیە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی هەندێك لە نەخۆشی فسیۆلۆژی و میرووەکان لەسەر بەرهەمی دارەکاندا.

تایبەتمەندی رووەکی سایکس

سایکس یان کە لە هەندێك شوێن بە کەلکی وشتر ناسراوە (Cycas Revoluta)، شوێنی رەسەن و بنەڕەتی لە ژاپۆن دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تاکو کۆبنز لاند، سایکس شێوەی بە دار خورما دەچێت، یەکێ لە تایەتمەندییەکانی ئەو دارە گەشەکردنی زۆر کەم و سستە، هەندێك جۆری بەرزییەکەی دەگاتە ١٥ مەتر. دەکرێت وەك رووەکێکی ناوماڵ پەروەردە بکرێت بە مەرجێك بەردەوام لە وەرزی هاوین و زستاندا تیشکی خۆری ڕاستەوخۆی بەرکەوێت.

پەروەردەکردنی ئەو دارە ئاسانە چونکە خێرا گەشە ناکات و توانای بەرگری هەیە پلەی گەرمی و زۆر ئارەزووی ڕادەی شێی بەرز ناکات.

لە ساڵێکدا تەنها یەك جار پەینی پێ دەدرێت و بە درێژایی ساڵ ڕۆژانە بڕە ئاوێکی کەمی پێویستە، تەنها لە وەرزی زستاندا دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ جارێك ئاو دەدرێت. گەڵا وشکەکان بە ڕێکی لێدەکرێنەوە بۆ ئەوەی قەدە جوانەکەی دەرکەوێت کە ئەوەش جوانییەکی زیاتر بە دارەکە دە بە خشێت .

داری سایکس زیاد دەکرێت لە ڕێگای ئەو قەدە بچووکانەی (فەرخانەی) لە تەك دارە سەرەکییەکەدا دەردەکەون، لە دایکەکە جودا دەکرێنەوە و لە شوێنێکی نوێدا دەچێندرێن.



فاو: بەهۆی کۆرۆنا 27 وڵات کێشەی دابینکردنی خۆراکیان هەیە

لە ڕاپۆرتێکی هاوبەشدا ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی جیهانی ناسراو بە «فاو»ـەوە لە بەرنامەی خۆراکی جیهانی ڕایدەگەینن: ٢٧ وڵات لە سەرتاسەری جیهاندا لە سەر لێواری گەورەترن تەنگژەی خۆراکی دان بەهۆی کۆڤید-١٩ وە کە کاریگەرییە خراپەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو دەرکەوتووە و بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی برسییەتی بە تایبەتی لەو وڵاتانەی پێش سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشییە کێشەی دابینکردنی خۆراکیان هەبووە.

بە پێی ئەو شیکردنەوە هاوبەشەدا ئەو کاریگەرییانە ژمارەیەکی زۆر وڵاتی لە سەرتاسەری جیهاندا گرتۆتەوە وەك ئەفغانستان و بەنگلادیش لە کیشوەری ئاسیا و هایتی و فنزوێلا لە ئەمەریکای ناوەڕاست و عێراق و لوبنان و سوریا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو کاریگەرییە بەردەوام دەبێت تاکو بۆرکینا فاسۆ و کامیرۆن و لیبیریا و مالی و نەیجەر و نەیجیریا و مۆزەمبیق و زینبابۆی لە کیشوەری ئەفریقیا.

ئەو ڕاپۆرتە هۆشداری دەدات لە ئەگەری ئەوەی ئەو ناوچانە لە چەند مانگی داهاتوودا ڕووبەڕووی داڕمانێکی گەورە ببنەوە لە ڕووی ئاسایشی خۆراکەوە، ئەو ئاسەوارانە بریتین لەوەی کە ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی ئەم وڵاتانە دووچاری برسییەتییەکی دژوار بنەوە.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەنگژەیە ڕێکخراوی «فاو» بانگەوازێکی بڵاوکردەوە بۆ کۆکردنەوەی ٤٣٨,٥ ملیۆن دۆلار لە چوارچێوەی پلانێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییە مرۆییەکان بەهۆی کۆڤید-١٩ بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە هەندێك لە پێداویستییە زۆرەکانی کەرتی خۆراك و کشتوکاڵ دابین بکرێت و جەختیش لە پێشکەشکردنی یارمەتی خێرا بۆ پاراستنی سیستەمی ژیان و مسۆگەرکردنی دابینکردنی خۆراك کراوە بۆ ئەو کەسانەی توانای بەرهەمهێنانی خۆراکییان نیە و گەیشتونەتە ئاستی برسێیتی.



سوودی خواردنەوەی شیر و هەنگوین لە بەیانیاندا

هەنگوین و شیر بەوە بەناوبانگن کە سوودی تەندروستی زۆریان بۆ مرۆڤ هەیە، بەهۆی هەبوونی ماددە خۆراکییە سەرەکییەکان لە پێکهاتەکەیاندا. هەنگوین بەناوبانگە بەوەی کە دژە ئۆکسین و دژە میکڕۆب لە پێکهاتەکەیدا هەیە، لە کاتێکدا کە شیر بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی پرۆتین و کالیسیۆم و ترشی لاکتیك دادەنرێت.

پێگەی ئەلیکترۆنی (بۆڵد سکای) لە وڵاتی هیندستان ئاماژە بەوە دەکات کە شیر تەندروستی ئێسك باش دەکات، چونکە بە سەرچاوەیەکی گرنگی کالیسیۆم دادەنرێت، هەروەها دەوڵەمەندە بە پۆتاسیۆم کە توخمێکی خۆراکی بنەڕەتییە، ئەگەری هەیە هاوکار بێت لە ڕێکخستنی ئاستی فشاری خوێن.

خواردنەوەی شیری تێگەڵ کراو بە هەنگوین چارەسەرێکی کاریگەرە بۆ ڕێگاگرتن لە کێشەکانی کۆئەندامی هەناسە، ئەو گیراوە گەرمە بەکتریا دەکوژێت و لە ناوی دەبات بەوەش هەوکردنی کۆئەندامی هەناسە کەم دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا بە چارەسەرێکی کاریگەر دادەنرێت لە کاتی هەبوونی هەوکردن لە قورگ دا.

هەروەها ئەو خواردنەوەیە کە دژە بەکتریایە و دژە ئۆکسینە توانای لەناوبردنی ئەو بەکتریایەی هەیە کە نەخۆشی دەگەینێتە گەدە و لە هەمانکاتدا بەکتریای سوود بەخشی نێو گەدە چالاك دەکات و کرداری چاکبوونەوەی خێراتر دەکات.



پاڵەوانەکەی جیهان لەبەر خوێندن واز لە وەرزش دەهێنێ



خەبات: هاوار مورتکەیی

مەریەم گوگولاشڤیلی Mariam Gugulashvili پاڵەوانە لاوەکەی جیهان لەبەر تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ واز لەوەرزش دەهێنێن و رووەکاتەوە بەرخویندن بۆ هێنانەدی خەونەکەی دیکەی.

مەریەم هەڵگری نازناوی جامی جیهانی وەرزشی دامە لە لدوانێکی تابەتی بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات هۆکاری وازهێنانی لە وەرزش ئاشکرا دەکات و رایدەگەیەنێت کە لەمندالّیەوە دامەی کردووە و نەوەستاوە تا هاتنەدی خەونەکەی ئەویش بەدەستهێنانی ناسناوی جیهانی بوو، کە تا ئێستا 25 یاری لە جامی جیهانی ئەنجامداوە و ئەوکاتەی وازدەهێنیت لە پۆلینی حەوتەمی جیهانی دیت.

مەریەمی تەمەن 16 ساڵ دەڵێت: لە زانکۆی تبلیسی زمانی ئینگلیزی دەخوینم، لەمەشدا خەونی گەورەم هەیە و دەمەوێ بەدی بهێنم، هەربۆە وازم لەوەرزش هێنا، هەروەها گوتی: دوای هێنانەدی خەونەکەشم بەدووری نازانم جارێکی دیکە بگەڕێمەوە ناو وەرزش، چونکە لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە و زۆر زەحمەتیش بوو بۆ من کە ئەم بڕیارەمدا، بەڵام ئەمەش داهاتووی ژیانم دابین دەکات و ئومێدەوارم چۆن لەوەرزش سەرکەوتوو بم ئەوهاش بتوانم لە خوێندنەکەم سەرکەوتوو بم.

رۆنالّدۆ: بەمزووانە دەتانبینمەوە



تۆمارکردنی 37 گۆڵ بۆ یوڤانتۆس و 11 گۆڵیش بۆ پورتوگال شتێکە واملێدەکات ڕووبەڕووی داهاتوو ببمەوە

دوای کرانە دەرەوەی یۆڤانتۆس لەقۆناغی 16ی چامپیۆنزلیگ و لەسەر دەستی لیۆنی فەرەنسی، کریستیانۆ رۆنالّدۆی ئەستێرەی یەکەمی خانمە پیرەکە لە تۆڕە کۆ مە لّا یە تییە کا ن پەیامێکی بۆ هاندەرانی بلّاوکردەوە.

رۆنالّدۆ بۆ هاندەران دەڵێت: "وەرزی 2019/ 2020 بۆ ئێمە کۆتایی هات، د ر ە نگ لە پێشووتر بەڵام زووتر لەوەی چاوەڕێمان دەکرد. ئێستا کات کاتی بیرکردنەوە و شیکردنەوەی ساتە باش و خەراپەکانە، چونکە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە تاکە ڕێگەی باشتربوونە.

یانەیەکی گەورەی وەك یۆڤێنتۆس پێویستە هەمیشە وابیربکاتەوە و وا کاربکات کە باشترینی جیهانە، تاوەکو بەخۆمان بڵێین یەکێك لە باشترین و گەورەترین یانەکانی جیهان.

کریس لە دریژەی قسەکانی دەشڵێت:"بردنەوەی خولی ئیتاڵی بۆ جارێکی تر لەسەر یەك و لە ساڵێکی زەحمەتدا شتێکە کە شانازی پێوە دەکەین. وەکو خۆم، تۆمارکردنی 37 گۆڵ بۆ یوڤانتۆس و 11 گۆڵیش بۆ پۆرتۆگالی هەڵبژاردەی نیشانیم شتێکە کە واملێدەکات ڕووبەڕووی داهاتوو ببمەوە بەرزخوازی و هیواگەلێکی نوێ و ویستی باشتر و باشتر یاریکردن لە هەر ساڵێکدا.

بەڵام هاندەران داخوازی زیاتریان هەیە لێمان. زیاترمان لێ چاوەڕێ دەکەن. دەبێت ئەو داخوازیانە بێنینە دی.

لەوەیە ئەم پشووە کورتە ڕێگەمان بدات باشترین بڕیارەکان بۆ داهاتوومان بدەین و بەهێزتر و پابەندتر لە جاران بگەڕێینەوە. بەمزووانە دەتانبینمەوە.

یاری ئاگرینی قۆناغی چارەگی کۆتایی لە نێوان بەرشلۆنە و بایرن میونشن دەبێت



ڕۆژی چوارشەممە 2020/8/12 قۆناغی چارەکی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکان دەست پێ دەکات و یەکەم یاری قۆناغەکەش لەنێوان ئەتالانتا و پاریس سانجێرمان دەبێت.

قۆناغی هەشتی چامپیۆنزلیگ تەنها یەك یاری لەڕۆژێکدا ئەنجامدەدرێ، یانەی ئەتالانتا لە یەکەم ڕۆژی قۆناغەکە لە 8/12ڕووبەڕووی پاریس سانجێرمان دەبێتەوە.

لەیاری دووەمدا لایپزیك بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید یاری دەکات. لە یاری سێیەم و لە ڕۆژی هەینی 14ی ئەم مانگە لە بەهێزترین یاری قۆناغەکە بەرشلۆنە ڕووبەڕووی پاڵەوانی خولی ئەڵمانیا بایرن میونشن دەبێتەوە. ڕۆژی شەممە15 ی ئەم مانگە لە دوا یاری قۆناغی هەشت، یاریگای خوسێ ڤالایدی یاری نێوان مان سیتی و لیۆنی فەرەنسی لە ئامێز دەگرێت.

بڕیاریش وایە ڕاستەوخۆ لە دوای تەنها سێ ڕۆژ لە 18-82020 یاریەکانی پێش کۆتایی ئەنجامبدرێن.

پێرلۆ شوێنی ساری گرتەوە

سەرەڕای ئەوەی نازناوی سێریا ئەی بۆ یوڤانتۆس بەدەستهێنا، یانەی خانمە پیرەکە لە بەیانامەیەکی فەرمیدا بڕیاری لەسەرکارلابردنی ماوریزیۆ ساریی ڕاهێنەری دا، دوای ئەوەی لە چامپیۆنزلیگ دەرکرا.

هەروەها یوڤی لە بەیانامەکەیدا نووسیویەتی «سوپاسی ساری دەکەین کە توانی لاپەڕەیەکی دیکە لە مێژووی یوڤێنتوس بنووسێتەوە، کاتێك نازناوی ئەمساڵی سێریا ئەی بۆ یوڤێ بردەوە، کە نزیەم ساڵە بەسەریەکەوە یانەکەمان ئەو نازناوە دەباتەوە«.

بڕیاری دەرکردنی ساری لە ڕاهێنەرایەتی یانەی یوڤانتۆس پێشبینی بۆ کراوبوو، دوای ئەوەی لەسەر دەستی یانەی لیۆنی فەرەنسی لە چامپیۆنزلیگ دەرکرا، کە سەرەڕای بردنەوەی یاری گەڕانەوە بە 2-1 نەیتوانی بلیتی سەرکەوتن بۆ قۆناخی هەشت بەدەستبهێنێت، بەو پێیەی لە دەرەوەی یارگەی خۆی بە گۆلێکی بێبەرامبەر دۆڕابوو.

دوای چەند کاتژمێرێك لە دەرکردنی ساری، یانەی یۆڤانتۆس ئەستێرەی پێشووی یانەی ئەیسی میلان و هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و یانەی خانمە پیرەکە، ئەندریا پێرلۆی وەك شوێنگرەوەی ساری دیاریکرد و لە وەرزی نوێ پێرلۆ سەرکرادیەتی خانمە پیرەکە دەکات.



پابەند دەبین

خەبات XEBAT

74 بەرەو سەرکەوتن

Mon. 10 Aug. 2020 No.:(5984)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

قورسی ژیان زرینگەی دەفی ئافرەتێکی هونەرمەند دەخنکێنێت

هونەر تا ڕادەیەک بۆ ئافرەت قورسە من ئەگەر پشتگیری هاوسەرەکەم نەبوایە نەمدەتوانی ئامێری دەف لێدەم





ئەگەر پێشووتر چالاکی و بواڕەکانی کار بۆ ئافرەتان دیاریکراو بوو، ئەمڕۆ بۆتری و توانا کان گەیشتوونەتە ئاستێك کە ئافرەتانی کورد خۆیان لە هەر بوار و کارێکدا تاقیدەکەنەوە. دنیای هونەریش بووتە سەکۆیەکی دەرخستنی توانا و شکاندنی سنوور و بەربەستەکانی قۆرخکردنی کار و پیشەکان لە لایەن ڕەگەزی پیاوانەوە. سارا نەوزاد لەو دیانەیەدا باس لە ئەزموونەکانی لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا دەکات.

ئا/ پەریهان عومەر

هونەرمەند سارا نەوزاد لە ساڵی 1996 لەدایکبووە، لە شاری کەلار دادەنیشتیت. ساڵی 2017 بەشی فیتەری لە پەیانگای تەکنیکی کەلار تەواو کردووە. ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، بە پشتگیری هاوسەرەکەی و حەزی خۆی دەستی بە لێدانی ئامێری دەف کردووە. لە ماڵی گەنجانی کەلار دەستیان بە تەمرین کردووە بەسەر پەرشتی ما مۆستا کامەران کە دامەزرێنەری چەندین گروپی دەف لێدان بووە لە گەرمیان، بە تایبەت هاوکارێکی باش بووە بۆ گەنجانی کەلار. ئیستا پەیامنێرە لە کەناڵی ناوخۆی ئاینده.

هونەر و ئافرەت

سەرەتا باسی لە کاری هونەری بۆ ئافرەت کرد کە چەند قورسە و وتی: هونەر تاڕادەیەك بۆ ئافرەت قورسە من ئەگەر پشتگیری هاوسەرەکەم نەبوایە نەمدەتوانی ڕۆژانە سەردانی سەنتەرەکەم بکەم تا ئامێری دەف لێدەم.

لە بارەی وازهێنانی لە بواری مۆسیقا ڕوونکردنەوەی دا کە: من بۆماوەی چەند مانگێك دەستم پێکرد دوای بەداخەوە بەهۆی قورسی ژیانەوە و خوێندنی هاوسەرەکەم لە زانکۆ لە هەولێر من دەستمکرد بە کارکردن وازم لە دەورەکەم هێنا، بەڵام هەر لە خەیاڵم ماوە ڕۆژانە لە ماڵەوە دەف لێدەدەم.

ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگەش

سارا لەو بارەوە دەڵێت: بەڕاستی لە کۆمەڵگەی ئێمە تاڕادەیەك ئافرەت ڕووبەڕووی چەندین قسە و توانج ئەبێتەوە، بەڵام هیوادارم کچان و ژنانی خۆمان و بەتایبەت کەلار ئەو توانج ڕەخنانە بە هێزتریان بکات . خۆزگە لە کەلاریش وەکو هەموو شارەکانی تر زیاتر ڕێز لە هونەر و هونەرمەندان بگرن.



سالار نەورۆز

ئەلبوومێک بڵاودەکاتەوە

هێمن ئاری

هونەرمەندی لاو سالار نەورۆز ئەلبوومێک بڵاودەکاتەوە، بەنیازە یەکێک لە گۆرانییەکانی ناو ئەلبوومەکەشی بەناوی (فەنابوون) بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپی بڵاوبکاتەوە.

گۆرانییێژ سالار نەورۆز سەبارەت بەو ئەلبومەی ئێستاکە کاری تیادا دەکات بەرۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند و گوتی: ئەوەی ڕاستی بێت لەساڵی 2008 وە خەریکی کاری دروستکردنی چەند بەرهەمێک بووم . بەڵام بەهۆی باری ناهەمواری ژیانی تایبەتی خۆم نەمتوانی بەردەوام بم و ئەلبومەکە بڵاوبکەمەوە .

جا ئێستاکە بەهۆی لەباری دۆخی تایبەتی ژیانی خۆم دەمەوێت گولبژێری چەند ئاوازێکی خۆم بکەم بیانکەم بە نوخبەیەکی سیدی جوان و بڵاوییان بکەمەوە. گوتی: بۆ ئەوەش خۆش بەختانە دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەک بۆ کارەکانم دەرفەتێک ڕەخساوە، ئەگەر پێشتر بۆشایەک هەبووە ئێستا پڕی بکەمەوەو هەڵبەتە چاوخشانێک و گوێچکەیەکی باشم کردووە بۆ شەس بەرهەمی خۆم کە ئێستا دەستم پێکردووە. بەو هیوایەم جێگەی ئومێد و ڕەزامەندی گوێگرانم بێت. هەروەها نەورۆز گوتیشی: یەکێک لەبەرهەمەکانی ناو سیدییەکە دوێتێکیشی لەگەڵە کە بەنیازم لەگەڵ خانمێکی دەنگخۆش ئەنجامی بدەم، بەڵام ناتوانم جارێ هیچ جۆرە باسێک بدرکێنم بابێتە کارێکی جیاواز تاکاتی خۆی و بڵاوکردنەوەی. سالار نەورۆز خۆشحاڵی خۆشی بەوە دەربڕی کەتوانیوویەتی لەم ئەلبومەدا بۆن و بەرامەیەکی کوردانە و پڕ لەڕەسەنایەتی بەبەر بەرهەمەکانیدا بکات و وابکات مۆرکێکی کوردانەیان پێوەدیاربێت ، بۆ ئەوەش گوتی : ئەوەی مایەی خۆش حاڵی و خۆشبەختیمە وامکردووە لەتەواوی بەرهەمەکانم، جیاواز لەزۆرێک ئەو کارانەی ئەمڕۆکە لەلایەن زۆرێک لە هونەرمەندان و گۆرانیبێژانە و ئەنجام دەدرێن، وابکەم بەرهەمەکانی ئەو ئەلبومەم تام و چێژێکی کوردانەیان پێوەدیار بێت . ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد لەو سیدیەدا گۆرانییەک بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاودەکاتەوە و گوتی: دەمەوێت ئەوە بڵێم تەنها بەرهەمی (فەنابوون)ی شاعیر فاروق هەژار و (دووری خەم) ی کاک زۆراب مەخموریە . ئەگینا لەمەرهەمەکانی دیکەدا تەنها پشتم بەخۆم بەستووە. دەمەوێ ئاماژەش بەرۆڵی هونەرمەندی خۆشەویست مامۆستا جەمیل سنجاویش بکەم لەڕووی پێداچوونەوەی چەند بەرهەمێک ڕێنویی باشی کردوومە و هەمیشە تام و بەرامی ئاوازەکانمی بە فلتەرێکی کوردی دابردووە و ئامۆژگاری کردووم

و سوپاسی دەکەم. لەکۆتایشدا گوتی: جا هیوادارم هەرچی زووە بکەوێتە بەرگوێی گوێگران و کارەکان بەکۆتا بینم .

